# پێشمەرگەی کوردستان و بەها باڵاکان

## بەنموونە شەڕی تیرۆریستانی داعش



دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

# پێشمەرگەی کوردستان
# و بەها باڵاکان

## بەنموونە شەڕی تیرۆریستانی داعش

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

**ناوی کتێب:** پێشمەرگەی کوردستان و بەها باڵاکان

**نووسین و ئامادەکردنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**شوێن و ساڵی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤

**نۆبەی چاپ:** یەکەم

**چاپخانە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٣١٨) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# پێرست

پێناسەی پێشمەرگە لەتێڕوانینی سەرۆک مەسعود بارزانییەووە............ ٧

پێشەکی......................................................................... ٩

پێشمەرگە وەك سیمبوڵ و جەنگاوەری بەرگریکار .......................... ١٣

پێشمەرگە..پەیامی ژیاندۆستی.............................................. ١٦

پێشمەرگە... وەبەرهێنانی ژیان.............................................. ١٨

پێشمەرگە..پاراستنی بەهاکانی ژیان....................................... ٢٤

پێشمەرگە... ئازادی بۆ هەمووان............................................ ٢٦

پێشمەرگە... پاراستنی سەرزەمینی ئازادی................................. ٣٠

خۆنەچەماندن... نهێنی مانەوەی نەتەوەیەك............................... ٤١

پێشمەرگە... کەلتووری بەرگریی ناتوندوتیژ............................... ٤٥

پێشمەرگە... هێزێکی متمانەپێکراو ........................................ ٥٥

پێشمەرگە... گۆڕینی چەمکی سەروەریی .................................. ٦١

پێشمەرگە... خاوەنی ئیرادە................................................. ٦٥

پێشمەرگە... دەنگی تایبەتی نەتەوەیەك ................................... ٦٨

دەرئەنجام: ..................................................................... ٧٦

## پێناسەی پێشمەرگە لەتێڕوانینی سەرۆك مەسعود بارزانی‌یەووە

سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لەپێناسـەی پێشـمەرگەدا دەڵـێ، "پێشـمەرگە بـە خوێـن و فرمێسـکی گەلێـک هاتۆتـە بەرهـەم و لەنـاو جەرگـەی گەلـی کوردسـتان هەڵقـوڵاوە. منیـش پێشـمەرگەیەکم و شـانازی بـەوە دەکـەم کـە لـە ڕیـزی پێشـمەرگە دام. شـەرعیەتی پێشـمەرگە لـە خەبـات و داسـتانە پڕ لەشـەرەف و سـەروەرییەکانیدا هاتـووە و موڵکـی هەمـوو کوردسـتانییەکە و دڵۆپێـک خوێنـی پێشـمەرگە بـە تـەواوی پایتەختەکانـی جیهـان ناگۆڕمـەوە و ناوێکـی پیـرۆزە و ئەرکێکـی پیـرۆز جێبەجـێ دەکات".

پێشــمەرگە (Pêşmerge) وشــەیەکی کوردییــە و بەوانــە دەگوتریــت " کــە لــە پێنــاو پاراســتنی نیشــتیمان مەرگــی خۆیــان پێــش هەمــوو شـتێک خسـتووە". نـاوی پێشـمەرگە بـۆ یەکەمیـن جـار سـاڵی ١٩٤٦ لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتاندا، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی ناوێـک بـۆ هێـزی چەکـداری کوردیـی لیژنەیـەک دانـرا، ئـەم لیژنەیـە لـە دانیشـتنێکی تایبەتـدا، گەلێـک ناویـان تاوتـوێ کـرد، بـەڵام لەنـاکاو خزمەتگوزارێـک کـە بەردەسـتی دەکـرد گوتـی: ئاغایـان دەبینـم ئێـوە کاژێرێکـی تـەواو خەریکـن ناوێکـی شـیاو بدۆزنـەوە، لـە کاتێکـدا ئێمـە نـاوی پێشـمەرگەمان هەیـە و لەمێـژە بەکاربـراوە. لیژنەکـە ناوەکەیـان بـە شـادومانییەوە وەرگـرت و نـاوی پێشـمەرگەیان پێشکەشـی پێشـەوای مـەزن کـرد، ئەویـش زۆر لای پەسـەند بـوو و نـاوی پێشـمەرگە بـە فەرمیـی نـاسرا.

## پێشەکی

لـەدوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییـە نوێیەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، سـوپاکان ئامرازێکـی بەهێزی دەسـتی حکومڕانـان بـووە. بەواتـای ئـەوەی هێنـدەی سـوپا و سـەربازی ئایدیۆلۆژیایەکـی نەتەوەپەرسـت بـوون، هێنـدە سـوپای نیشـتمانی نەبـوون.

لەسـۆنگەی ئـەم ڕاسـتییەی سـەرەوە، نەتـەوەی کـورد وەك یەکێـك لەنەتـەوە سـەرەکیەکانی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەوەی خاکەکـەی داگیرکـراوە و بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی لـە کـۆڕی خەباتـی بەردەوامبـووە، وەك مێـژوو پێـمان دەڵێـت: هەمیشـە کوردسـتانیان قوربانیـی یەکـەم و سـەرەکیی دەسـتی ئـەو سـوپایانە بـوون، مـاڵ و حـاڵ و خاکیـان بەسـووتماك کـردووە، قـەت دەسـتیان لـە خەڵکـە سـیڤیلەکەی نەپاراسـتووە، تـا گەیشـت بـەوەی ئەنفـال و کیمیابارانیشـی بکـەن. لێـرەوە کوردیـش بیـری لـەوە کردۆتـەوە دەبێـت هێزێکـی سـەربازیی تۆکمـە و پەروەردەکـراو بـە بەهـا مرۆییـەکان دابمەزرێنێـت، تـا لەبەرامبـەر ستەمی سـوپای سیسـتەمە شـۆڤێنییە خۆسـەپێن و دیکتاتۆریەکانـی داگیـرکاری کوردسـتان، داکۆکـی لـە مـاف و بوونـی خـۆی بـکات. ئـەو هێـزەش کـە لـە ڕەوتـی خەبـات و تێکۆشـان و شۆڕشـەکانی کوردسـتاندا، بـەرە بـەرە پێکهـات و شـکڵی گـرت و بـووە خـاوەن تەشـکیلەی بـەردەوام، بـە (هێـزی

پێشـمەرگەی کوردسـتان) نـاسراوە.

کەواتـە پێشـمەرگە سـوپای نەتەوەیەکی داگیرکـراوە، خـاوەن بیروباوەڕی نەتەوەپەروەریـی مرۆڤدۆسـتانەیە، یەکێـك لـە ئەرکەکانـی داکۆکـی و بەرگـری کردنـە لـە مـاف و خاکـی کوردسـتان لەبەرامبـەر زوڵـم و ملهـوڕی و سیاسـەتە چەوسـێنەرەکانی سـوپای سیسـتەمە داگیرکارییـەکان. بۆیەشـە هەمیشـە لەڕووبەڕووبوونـەوە و بەرەنگاریـی داگیرکەراندابـووە.

یەکێکـی تـر لـە ئـەرك و خەسـڵەتە مێژوویـی و هەنووکەییـە گرنگەکانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، بریتییـە لـەوەی پێشـمەرگە هێزێکـی دیموکراسـیپەروەرە و ئازادیخـوازە و هەمیشـە بەرەنـگاری دیکتاتۆریـەت بووەتـەوە، هەمیشـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە شـوێن و پەناگـەی داڵدەدانـی دیموکراسـخوازەکان بـووە.

سـەرەڕای ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە هێزێکـی مرۆڤدۆسـت و میهرەبانـە، بـاوەڕی بـە بەهـا هـەرە بەرزەکانـی مرۆڤایەتـی هەیـە، بـاوەڕی بـە مافەکانـی مـرۆڤ و یەکسـانی نێـوان مرۆڤـەکان و کۆمەڵـگاکان و بەفرەیـی ئایینـی و ئاڵوواڵایـی بیروبـاوەڕ هەیـە، هەمـوو بیروباوەڕێکـی توندوتیـژ و دژ بەمرۆڤایەتـی ڕەت دەکاتـەوە. لـەو سۆنگەیەشـەوەیە سـاڵانێکە لەبەردەم دیکتاتـۆر و تیرۆریسـت و هێـزە خۆسـەپینەکان بووەتـە لەمپەرێکـی پۆڵاییـن و هـەر بـەو لەمپـەرە لـە بەزیـن نەهاتـووەش دەمێنێتـەوە.

هـەر بۆیـە لەسـەر زەوی بەهیـوا و ورەیەکـی بـەرزەوە، لەبـڕی هەمـوو جیهـان و بەشـایەدیی هەمـوو جیهـان، شـەڕی شـەڕانگێزترین و دڕندەتریـن هێـزی تیرۆریسـتی جیهـان و ناوچەکـە نـاسراو بە(داعـش)ی

کـرد، تـا ئـەوەی ئەفسـانەی نەشـکاندنیانی تێکشـکان. سـەرەڕای ئـەوەش پێشـمەرگە پەڕێزێکـی پاکـی لەپاراسـتنی مافەکانـی مرۆڤـدا هەیـە و جێـگای هیـوا و متمانـەی خەڵکـی زوڵـم لێکـراو و قوربانیانـی دەسـتی تیرۆریسـتانە، لەهەمـوو ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی عێراقـی و تیرۆریسـتانەوە، لەسـەرجەم نەتـەوە و ئایینـە جیاجیاکانـەوە، هانـای پاراسـتنی بـۆ دێنـن و لەژێـر سـایەیدا حەواونەتـەوە و دەحەوێنـەوە، بگـرە متمانەیـان تەنیـا و تەنیـا بـە پێشـمەرگە هەیـە بـۆ پاراسـتنی سـەر و ماڵیـان، داوا دەکـەن هێـزی پێشـمەرگە حوکمـی ناوچەکانیـان بـکات.

ئـەم نامیلکەیـە، پێناسـە و باسـی ئەرکـی ئـەو مرۆڤـە تێکۆشـەرانەیە، کـە لەنـاو کـورد و تەنانـەت جیهانیـش بـە پێشـمەرگە نـاسراوە و لەپێنـاو پاراسـتنی بەهـا جـوان و بەرزەکانـی مرۆڤایەتیـدا، لەپێنـاو بەرگرتـن بـە وەیشـوومەی شـەڕ و شـەڕانگێژی هێـزە تاریـك و تیرۆریسـتەکاندا، بەوپـەڕی بوێـری و ئازایەتیـەوە ژیانـی خـۆی بەمرۆڤایەتـی دەبەخشـێ.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**کوردستان- هەولێر**

## پێشمەرگە وەك سیمبوڵ و جەنگاوەری بەرگریکار

دوای ئـەوەی پێشـمەرگە وەك قارەمانـی جەنگـی دژ بـە تیرۆریسـتانی داعـش ناوبانگێکـی یەکجـار زۆری لەسـەر ئاسـتی جیهـان پەیـدا کـرد، بـە دڵنیاییـەوە دەتوانیـن بڵێیـن، ئیـتر ناوهێنانـی پێشـمەرگە یەکسـانە بـە بوونـی گەلـی کوردسـتان و سـەرزەمینێك بـە نـاوی کوردسـتان، هـەروەك چـۆن نـاوی ڕابـەری شۆڕشـی کوردسـتان (مـەلا مسـتەفا بارزانـی) بۆتـە کـۆد و شوناسـی بوونـی نەتەوەیـەك و دۆزی نیشـتمانێك.

پێشـمەرگە؛ بێکەسـی لـە یـادەوەری و دنیـای کـورد داتەکانـد، سـیمبوڵبوون ئەگـەر پلـە و پایـە بـێ؛ یـان ئاسـتێکی شـەرەفمەندانە بـێ، ئـەوە پێشـمەرگە لـەو پێنـاوەدا نەجەنـگاوە، سـیمبوڵبوون بەرکـەوت و ئسـتیحقاقێکە مێـژوو دروسـتی دەکات، بەرخـودان و پەیوەسـتبوون بـە بەهاگەلێکـەوە مانـای پێدەبەخشـێ. نووسـەرێکی کـورد دەڵـێ" گەشـتی خۆشـاردنەوە لـە مـەرگ درێژتریـن گەشـتە لـە مێـژووی فکـری مرۆڤـدا"، بـەڵام لـە دۆخـی کوردسـتاندا؛ کوردسـتانی گیـرۆدەی داگیـرکاری و دۆرپێچکـراو بـە سـتەم و قـەدەری جوگرافیایەکـی خنکێنـەر، کـوردی چەوسـێنراوی بێدۆسـت و بێکەسـی بێجگـە لـە شـاخ، پێشـمەرگە وەزیفـەی ئـەوە بـووە هەمیشـە ئومێـدی ژیـان و مانـەوە بـەو مرۆڤانـە ببەخشـێ.

بۆیـە خەبـات و تێکۆشـانی پێشـمەرگە و گەشـتی کـورد؛ گەشـتی گـەڕان بـووە بـەدوای ئەگەرەکانـی مانـەوە و بەدیکردنـی تروسـکاییەکانی ژیـان.

سـەرەڕای هەمـوو تاڵـی و سـوێریەکانی شـەڕی داعـش؛ یەکـێ لـە ئەنجـام و بەخششـە هـەرە گرنگەکانـی ئـەو جەنگـە بێجگـە لـە داسـتانەکانی پێشـمەرگە و پاراسـتنی کوردسـتان؛ وەدیارخسـتنی ئـەو تیـن و توانـا لەبنەهاتـووەی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوو، وەدیارخسـتنی ئـەو رۆحییـەت و گیانـی لێبوردەیـی و ژیاندۆسـتییەی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوو بـۆ تـەواوی گەلانـی جیهـان، ئەگـەر پێشـمەرگە لـە شـۆڕش و بەرخودانـی بـەر لـە ئێسـتای خۆیـدا تەنیـا لـە پێنـاو کوردسـتاندا جەنـگا بـێ، ئەمجارەیـان سروشـتی جەنگـی دژ بـە تیـرۆر ئـەو دەرفەتـەی بـۆ گەلـی کوردسـتان و پێشـمەرگەی کوردسـتان ڕەخسـاند ئـەو کەلتـوور و پەیامـە دێرینـەی خۆیـان پیشـانی جیهانـی ئـازاد بـدەن، کـە پێشـمەرگە و گەلـی کوردسـتان خاوەنـی کەلتوورێکـن لـە خەبـات هاوشـانی ئـەو بەهـا بەرزانـەی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی.

پێشـمەرگە ئەمـڕۆ نییـە لـەو مەیدانـەدا ڕاوەسـتاوە. پێشـمەرگە قـەت نەیویسـتووە بەرگریـی و جانگۆڕیبوونـی خـۆی بکاتـە کاڵای نمایشـکردن، بەڵکـو ئـەوە جەوهـەری ڕاسـتەقینەی خـۆی بـووە، ئـەوەی وەك قارەمانییەتـی و ڕەفتـار کردوویەتـی بـڕوای لـە مێژینـەی خـۆی بـووە بـەو بەهایانـەی دۆزی کوردسـتانی گەیانـدە ڕۆژی ڕوونـاك. سـیمبوولبوونی پێشـمەرگە ئـەو هەسـت و حورمەتەیـە کـە کوردسـتانیان بـۆ پێشـمەرگە هەیانـە، ئـەو نرخاندنـە بێبەرامبەرەیـە کـە جیهانـی

ئـازاد لـە مـاوەی جەنگـی دژ بـە تیـرۆر بـۆ پێشـمەرگە کـردی. لـەم تەوەرانـەدا تیشـك دەخەینـە سـەر ئـەو لایەنـە گرنگانـەی شـایەن بـە ڕۆڵ و پێگـەی پێشـمەرگە، وەك سـیمبوڵ و وەك جەنـگاوەری بەرگریـکار.

## پێشمەرگە...پەیامی ژیاندۆستی

تەمەنــی دەســتەواژەی (پێشــمەرگە) وەك بەکارهێنانــی فەرمــی ئــەم نــاوە بــۆ زیاتــر لــە (٧٥) هەفتــا و پێنــج ســاڵ دەگەڕێتــەوە کــە ئەوســا (١٩٤٦/١/٢٢) لەسـەروبەندی دانـان و جێگیرکردنـی ناوێـك بـۆ سـەربازانی کۆمــاری نۆبــەرەی کــورد (کۆمــاری کوردســتان) لــە مهابــاد هاتەکایــەوە، دەســتەواژەیەکی ڕەســەن و هەڵقــوڵاوی ئەزموونێکــی کوردانــە بــۆ پرســی مــان و نەمــان. وادیــارە لەدێرزەمانــەوە تاکــی کــورد پارێزگاریکــردن لــە ژیــان بــە پێشــگرتن لــە مــەرگ، یاخــود ڕووبەڕووبوونــەوەی مــەرگ، یاخــود پێشــمەرگکەوتن بینیــووە، ڕاســتییەکی دڵخۆشــکەرە کــە کەلتــووری گەلــی کوردســتان مەرگــی وەك ئەنجامــی خەبــات و بەرخــودان ناســیوە نــەك ئامانــج، وەك چــۆن پێشــمەرگایەتیش ئامــرازە نــەك ئامانــج، بــە گەواهــی ئــەوەی دەســتەواژەی پێشــمەرگەی ئافرانــدووە بــۆ بــرەودان بــە ژیــان، پێشـمەرگایەتی نەگرتۆتەبـەر وەك مەیلێکـی مەرگدۆسـتی، ئەگـەر وابووایـە دەســتەواژەیەکی بــۆ مەرگدۆســتی دادەهێنــا، وەکچــۆن لــە کەلتــووری خەڵکـی دیـدا دەسـتەواژەی شـەهادەت هەیـە و زۆر بـە زەقـی بۆتـە چەقـی مەرگدۆسـتیی لەنێـو خەیاڵدانـی ئـەو خەڵکـەدا کـە هەمیشـە ئامانجـەکان بـۆ نێـو ژیانێکـی دواخـراو پاشـەکەوت و پەلکێـش کـراون، ئـەم ئافراندنـەی مەرگدۆســتی لــەلای خەڵکــی دی تەنانــەت شەهادەتیشــی گەیاندۆتــە

ئستیشــهاد و خۆکوژیــی کــە زاڵبوونــی وێناکــردن و مێنتالیتــەی ئایینییــە بەســەر ئەزموونێکــی مرۆڤانــە، بــەڵام پێشــمەرگایەتی وەك بژاردەیەکــی خۆویســتانە، لــەلای کــورد دەبێتــە وەبەرهێنانــی ئەگەرەکانــی ژیــان و دۆزینــەوەی ئەگەرەکانــی دوورخســتنەوەی جەنــگ و شــەڕانگێزیی. بۆیــە زێدەڕۆیــی نییــە ئەگــەر بڵێیــن؛ ئــەوەی پێشــمەرگە دەیــکات و ژیانســازییە، لەبەرئــەوەی وێــڕای ئــەوەی پێشــمەرگە لــە ژینگەیەکــدا پــەروەردە بــووە هەمیشــە دەنگــی پێکەوەژیــان و لێبوردەیــی تێیــدا بــە بــەرزی دەبیســترێ، خــودی ئەرکــی پێشــمەرگایەتیش بڕیــاری ئازادانــە و خۆویســتانەی کەسێکە بــەوەی تــاڕادەی مــەرگ و ژیانبەخشــین و جانگۆریکــردن لــە پێنــاو خەڵــك و خــاك خەبــات بــکات، پێشــمەرگە کەسێکە ئامادەیــە بــە نەمانــی خــۆی ژیــان بــۆ ئەوانــی دی فەراهــەم بــکات. نموونــەش بــۆ ئــەوە؛ لەگــەڵ جانگۆریبــوون و قوربانیدانــی هــەر پێشــمەرگەیەك، کوردســتان زیاتــر و زیاتــر باوەشــی خــۆی بــۆ ڕەنگــە جیــاوازەکان دەکاتــەوە، بەروڤــاژی ئــەو ســەرزەمینەی توندڕەویــی و خۆکــوژی بەرهەمــی دەهێنــێ؛ هەمیشــە لــەوێ یەکڕەنــگ و یــەك دنیابینــی ســەروەرە. هەرلەبــەر ئــەم هۆکارەیــە ئەمــڕۆ دەبینیــن کوردســتان گوڵدانێکــی ڕازاوەی گەشــاوەیە و بۆتــە تاقــە ئامێــزی ئارامیــی لەســەر ئاســتی ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــدا.

## پێشمەرگە... وەبەرهێنانی ژیان

ئەگــەر لای زۆربــەی هێــزە جەنــگاوەرەکان، ئاشــتی دیــوی دووەمــی جەنــگ یــان ســاتەوەختی ســەرکەوتن و بەکۆتاهاتنــی جەنــگ بــێ، ئــەوە ئاشــتی لای پێشــمەرگە ئــەو دۆخەیــە پێویســتە بڕەخســێنرێ (بەهــەر نرخێــك) بــۆ ئــەوەی هەســتکردن بــە بوونــی ژیــان لای مرۆڤــەکان بــە گەشــاوەیی بمێنێتــەوە.

جــۆری تێڕوانینــی پێشــمەرگە وەك هێزێکــی ســەربازی بــۆ پرســی جەنــگ و ئاشــتی تێڕوانینێکــی ســەربازیانەی پەتــی نەبــووە، بــەوەی هیــچ کات لــە گۆشــەنیگای شکســت و ســەرکەوتن ســەیرنەکراوە، بەڵکــو هەمیشــە ژیاندۆســتی لای پیشــمەرگە چەقــی قورســایی بــووە و ئاشــتی بــە تەنیــا لــە هاوکێشــەی (جەنگ/قارەمانێتی/ســەرکەوتن) دا گــوزەری نەکــردووە، ئەمەیــان ئەنجــام و دوا بژاردەیــە ســەرکردایەتی بــاڵای پێشــمەرگە و پێشــمەرگەی کوردســتان پەنایــان بــۆ بــردووە، چونکــە پێشــمەرگە هەمیشــە بیــری لای تەمەندرێژکــردن و هێشــتنەوەی ئاشــتی و ئارامــی بــووە لــە میانــی ڕاوەدوونــان و ڕیشەکێشــکردنی مەیلــی شــەڕانگێزیی لــە نــاخ و خەیاڵدانــی هێــزی نەیــار و پەلامــاردەر، بۆیــە ئەرکــی پێشــمەرگە لــە بنەڕەتــدا بردنــەوەی ئاشــتییە و خــۆی لــە (دوورخســتنەوەی ئەگەرەکانــی جەنــگ، دەســتپێوەگرتنی ئۆقرەیــی،

ئاوەدانــی، ســەرکەوتنی هەمــووان)دا بینیوەتــەوە، شــانازی و سەرشــۆڕی لای پێشــمەرگە بــە تەنیــا ئەنجامــی ســەرکەوتن و شکســت نیــن لــە مەیدانــی جەنــگ، بەڵکــو لــە میانــی ســڕینەوەی ســێبەر و ئاســەوارەکانی جەنــگ لەســەر یادەوەریــی مــرۆڤ و ســەرلەنوێ بەیەکــەوە گرێدانــەوەی پنــت و ڕووبەرەکانــی ژیــان جێبەجــێ دەبــن. ئاســت و ڕەهەندێکــی دی لــە ســەرفرازی و مایەپووچــی لــە ژیانــدا هــەن بــەدەر لــە پێناســە ســەربازییەکەی، بــەڵام ئــەو هێزانــەی ســەرکەوتن لــە کوشــتنی ڕکەبەرانیــان و شکســت لــە لاشــەی جەنگاوەرانــی خۆیــان چــڕ دەکەنــەوە، هەرگیــز لــە جەنگــدا بــەدوای دۆزینــەوەی ئەگەرەکانــی ئاشــتیدا ناگەڕێــن.

هێــزە شۆڕشــگێڕەکان لــە نموونــەی پێشــمەرگەی کوردســتان بەرپرســیاریەتی قەرەبووکردنــەوەی ژیانیــان لەســەر شــانە، لەســەریان پێویســتە ســەرکەوتنەکانی مەیدانــی جەنــگ بگوازنــەوە نــاو کــۆڕی ژیــان و ئاینــدەی هاونیشــتیمانیان لــە مــوژدەی ڕووتــی سیاســییەوە، بــە ژیانێکــی خۆشــگوزەری هەســتپێکراو بگەیەنــن. ماناکانــی شــۆڕش لــە لادانــی ڕژێمێکــی سیاســی (دکتاتــۆر و خــراپ) و گۆڕینــەوەی بــە یەکێکــی دی (دیموکــراس و بــاش) دوور بخەنــەوە، چونکــە دوای بەکۆتاهێنانــی ژێردەســتەیی قۆناغــی ڕزگارییــە نــەك ئــازادی، بەهەمــان شــێوە نەمانــی جەنگیــش واتــای ئاشــتی ڕاســتەقینە ناگەیەنــێ، لەبــەر ئــەم هۆیــە بــەر لــەوەی بیــر لــە ڕەگاژۆکردنــی ئاشــتییەکی مایپنــدە و هەمیشــەیی بکرێتــەوە، زۆر گرنگــە کار بــۆ شــوێنکردنەوەی بنەماکانــی لێبوردەیــی و پێکەوەژیــان و فراوانترکردنــی ڕووبــەری بەرخــورد لەگــەڵ جیاوازیــەکان

بکرێ کە خۆشبەختانە ئەمە پەیامی ڕاگەیەنراوی گەلی کوردستان بووە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و لەم شەڕە نەخوازراوەی داعشیش بەر و رەنجی کوردستانیان زیاتر بەدیار کەوت کە کوردستان ئەگەر دەرفەتی زیاتری بۆ بڕەخسێ دەتوانێ لەم ڕووەوە مۆدێلێکی جیاوازی پێکەوەژیان پێشکێش بە جیهان و مرۆڤایەتی بکات، مۆدێلێك دەربڕی ناخ و باوەڕی کۆمەڵگەی کوردستان و کەلتووری دێرینی کوردستانیان بێ نەك دروشم و لافلێدان.

شۆڕشی کوردستان و ڕۆڵی پێشمەرگە بێگومان باری شانیان ئەوەندە سووك نەبووە هەتاوەکو شەو و ڕۆژ تیۆریزە بۆ لێبوردەیی و ئاشتی و پێکەوەژیان بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی شۆڕشی پێشمەرگەکانی کوردستان بێجگە لە ئاستە عەسکەرییە پەتیەکەی بنیاتی ناوە هەرگیز کەم نییە و بگرە زۆریشە؛ گرتنەبەری ئەو فۆرمەی تێکۆشان و خەباتە دوور لە توندوتیژی و تۆڵە و تۆقان و تیرۆر؛ دەستکەوتێکی یەکجار مەزنە بۆ کەلتووری ئاشتی و لێبوردەیی کە نەتەوەی کورد و تەواوی کوردستانیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش حەقە شانازی پێوە بکەن.

لەوانەیە سەرەتاکان پێشمەرگەش وەك هەر هێزێکی دی جەنگا بێ، بەڵام ئەوە ساڵانێکە ئەرکی پێشمەرگە زۆر لەوە قورسترە بە تەنیا بیر لە بەدەستهێنانی ئەو فۆرمەی سەرکەوتن بکاتەوە بە مانا سەربازییە کلاسیکیەکەی، چونکە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو ژیانە فرەڕەنگ و پلووراڵەی لە کوردستان هەیە، ئەرکی پێشمەرگەی لە هاوکێشەی (بردنەوە و دۆڕان) گەورەتر کردووە. ئەو ڕاستییەی

پێشــمەرگە لــە جەنگــی دژ بــە داعــش بــۆ هەمــوو جیهــان ڕوون بــۆوە کــە پێشــمەرگە ڕاســتە لــە پێنــاو دۆزی نەتەوەیــەك دەجەنگــێ، بــەڵام هــاوکات بەرپرســیارێتی پاراســتنی بەهاگەلێکــی مرۆڤایەتــی لــە ئەســتۆدایە، هــەر بۆیــە زوو هەســت بــەو پێگــە مرۆڤایەتیــەی پێشــمەرگە کــرا، کار گەیشــتە ئــەوەی نــەك هــەر هێــزە نەیارەکانــی پێشــمەرگە، بەڵکــو خــودی تیرۆریســتانی داعشــیش لــە کاتــی لێقەومــان و خۆبەدەســتەوەداندا ئــەو بژاردەیــان بــۆ خۆیــان و خێزانەکانیــان یەکلاکــردەوە کــە ڕادەســتی هێــزی پێشــمەرگە بــن باشــترە لــەوەی ڕوو لــە ســەنگەرەکانی ســوپای عێــراق یــان حەشــدی شــەعبی بکــەن، وەك ئــەوەی لــە ســنوری حەویجــەدا ڕوویــدا. دۆخێکــی لــەم ڕەنگــە ئــەو ڕاســتییە دەگەیەنــێ کــە پێشــمەرگە لــە پێنــاو بەهایەکــدا دەجەنگــێ و لــە دەرەوەی ســاتەوەختی ڕووبەڕووبوونــەوەدا هەرگیــز بیــر لــە تۆڵــە ناکاتــەوە، بۆیــە بینیــمان دڕندەیــی داعــش نەیتوانــی تۆزقاڵێــك لــە ئاســتی جوامێــری و گیانــی ژیاندۆســتانەی پێشــمەرگەی کوردســتان بێنێتــە خــوارەوە، بگــرە بــە پێچەوانــەوە، لــە ســکرینی تەلەڤزیۆنــەکان پێشــمەرگە بیــنرا ئــاوی دەدایــە داعشــی برینــدار، هەروەهــا بــە ســەدان تیرۆریســتی داعــش لەبەرەکانــی جەنگــدا لەکاتــی ڕادەســتبوون نــە دەکــوژران، بەڵکــو ژیانیــان دەپارێــزرا، ســەرەڕای ئــەو تاوانــە قێزەونانــەی دژ بــە گەلــی کوردســتان و مرۆڤایەتــی ئەنجامیاندابــوو. ئــەوەش بــەو مانایــە نایــەت کــە پێشــمەرگەی کوردســتان لــە تــاوان و تاوانبــاران خــۆش دەبێــت، بــەڵام پێشــمەرگە هەرگیــز ئامــادە نەبــووە دەســت لــەو کەلتــوورە ڕەگداکوتــاوەی لێبوردەیــی هەڵگــرێ کــە پێــی گۆشــکراوە و ئەمــڕۆ

بۆتــە خەســڵەت و ئاوەڵنــاوی پێشــمەرگە و تێکــڕای گەلــی کوردســتان.

لەســەر ئــەم پرســە، لێکۆڵــەری نــاوداری ڕووســی (ڤاســیلی نیکیتیــن) دەڵێ"لــە ڕۆژهەڵاتــدا نیمچــە کۆدەنگییــەك هەیــە کــە کــوردەکان دڵــڕەق و توندوتیــژ نیــن لەگــەڵ ئەوانــەی وەك دیــل دەکەونــە دەســتیان، پێچەوانــەی مامەڵــە و ڕەفتــاری تونــد و ناهەمــواری تەتــار و تورکــمان و کۆچــەرە عەرەبــەکان لــە بەرامبــەر دیلەکانــدا دەیکــەن". گەواهــی و نموونــەی ئــەم ڕاســتییە ئەوەنــدە زۆر و زەوەنــدن لــە ژمــاردن نایــەن، لــە ڕۆژانــی ســەرهەڵدانی ئــاداری ١٩٩١دا نزیکــەی دووســەد هــەزار ســەربازی عێراقــی کەوتنــە دەســت پێشــمەرگە و گەلــی کوردســتان، لەکاتێکــدا هێشــتا کوردســتان خوێنــی لــێ دەچــۆڕا و هاتوهــاواری ئەنفالکــراوان و بۆنــی چەکی کیمیایــی خــەردەل و ســیانید هێشــتا لــە دۆڵ و دەشــتەکانی کوردســتان دەهــات، بــەڵام ئــەو ســەربازانە نــەك هــەر هیچیــان پــێ نەگوتــرا، بەڵکــو زۆر جوامێرانــە و مرۆڤدۆســتانە خزمەتکــران و هاوکاریکــران و دواتریــش بەڕێــزەوە بــۆ ئــەو شــوێنانە بەڕێخــران کــە خۆیــان هەڵیــان بژاردبــوو.

هــەر لەبــارەی گیانــی لێبوردەیــی لای پێشــمەرگەی کوردســتان و پاراســتنی خەڵکــی ســڤیل و دیلەکانــی جەنــگ، (ئــالان دیلیــرۆز) ســەرۆکی ڕێکخــراوی بانگــەوازی جنێــف لــە ڕێوڕەســمێکدا لــە ڕۆژی ٢٩ی ئایــاری ٢٠١٨ ڕووی دەمــی لــە وەزارەتــی پێشــمەرگەی کوردســتان دەکا و دەڵــێ، "ئێمــە نەهاتوویــن فێرتــان بکەیــن، بەڵکــو هاتوویــن بنەچەیــەك بنیــات بنێیــن کــە ئێــوە لــە خوێنتاندایــە و لــە بنەڕەتــەوە بڕواتــان پــێ هەبــووە، بۆیــە زۆر خۆشــحاڵم کــە دەبینــم لــەو ڕێســایانە نــووسراوە پێشــمەرگە

جەنــگاوەرە، بکــوژ نییــە، پێشــمەرگە هەمــوو کات چــاوی لەســەر ئامانجــە ســەربازییەکانی خۆیەتــی، نــەك بــە ئامانــج گرتنــی خەڵکــی دیکــە".

## پێشمەرگە...پاراستنی بەهاکانی ژیان

بەهاکانــی ژیــان پێویســتیان بــە پاراســتن و بەرگریکردنــە، ئــەوەی بەهــاکان بــە بەردەوامــی دەپارێــزێ خــۆی دەبێتــە بەشــێك لــە بەهــای مانــەوە و ئومێــدی دانبەخۆداگرتــن و بەرخــودان و هەڵســانەوە، ســاڵانی دوور و درێــژی چەوســانەوە و چەرمەســەری و نائومێــدی توانییــان هێزێکــی هەڵســانەوە و بەرەنــگاری بەرهەمبێنــن، ئەگــەر چەوســانەوە بەرهەمــی نەبــوون و نەمانــی هێــز بێــت؛ بێگومــان لــەو دۆخــەی ژیانکردنــە کــە دژمنــی چەوســێنەر بەهــا و شــکۆی مرۆڤایەتــی لــە هەمــوو پنتێکــی ژیــان دادەتەکانــد، پێشــمەرگایەتی تاقــە ئەگــەری گەڕاندنــەوەی ئومێــد بــوو بــۆ ئــەو گــەل و نیشــتیمانەی دەکرانــە ســوتماك. ســەیر نییــە پێشــمەرگە ئەمــڕۆ ئــەو هێــزە فریادڕەســەی دەســتپێوەگرتنی تروسکایی و هیــوای مرۆڤایەتــی بــێ لــەم بەشــەی جیهانــە (ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن) کــە دەیــان ســاڵە خوێنــی لەبــەر دەڕوا و تــازە بەتــازە خەریکــە ســەرلەنوێ ســووڕی ئــەو تراژیدیایــە چەندبــارە دەکرێتــەوە. ئــەوە بــۆ دوو دەیــە دەچــێ مرۆڤــەکان ســەر بــە ئاییــن و ئەتنیکــی جیاجیــا لــە عێــراق و ســووریا هــەر فریــای ئــەوە دەکــەون بریــن و مەینەتیەکانــی خۆیــان هەڵماڵــن و بــە پەلەپــڕووزێ خۆیــان بگەیەننــە پەناگــە ئارامەکــەی ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن (هەرێمــی کوردســتان)، چونکــە لێــرە پێشــمەرگە ئێشــکگری ئــازادی و ئاشــتی و لێبوردەیــی

و پێکەوەژیانــە.. بێگومــان ئــەم گیانــی پێشــمەرگایەتییە لــە ختوخــۆڕا نەهاتــووە، بەڵکــو دەیــان ســاڵە ئەزمــوون وەردەگــرێ و بــە کردەنــی بەرخـورد لەگـەڵ بەهـا بەرزەکانـی ژیـان دەکات و لـە بۆشـاییەوە نەهاتووە. پێشــمەرگە هێزێــك نییــە بەهــۆی درێژبوونــەوەی ســاڵانی چاوەڕوانیــی و بەرگریــی، ئیدمــان و خــووی بــە چــەك و ســەنگەر و بەرەنگارییــەوە گرتبــێ، پێشــمەرگە پەرۆشــترین کەســە مەیلــی ئۆقرەیــی و ژیانــی ئــارام و ئاوەدانــی دەکات، بــەڵام هــاوکات نیگەرانییەکانــی پێشــمەرگە کــە هەمیشــە ئارامــی و ئۆقرەیــی لەبــەردەم هەڕەشــەی تێکدانــن، پێشــمەرگە بــە تــەواوی بــۆی نەڕەخســاوە پشــت لــە بەرخــودان و بەرگریــی بــکات.

## پێشمەرگە... ئازادی بۆ هەمووان

لــە ئــاداری ســاڵی ٦١٢ی پێــش زاییــن، ســەرکەوتنی میدییــەکان (باپیرانــی پێشــمەرگەی ئەمــڕۆ) لــە نەینــەوا، بــووە هــۆی ئــەوەی ئاشــتی و ئارامــی بــاڵ بەســەر میزۆپۆتامیــادا بکێشــێ و ئــازادی و پێکەوەژیــان بــۆ گەلانــی ئــەو ناوچەیــە بگەڕێتــەوە. لەمبارەیــەوە مێژوونووســی گریکــی (هیــرۆدۆت) کــە بــە باوکــی مێــژوو نــاسراوە، بــاس لــە ڕۆڵــی جەنگاوەرانــی میــدی لــە بەرقەرارکردنــی ئۆقرەیــی و ئاشــتی و ئــازادی و تەبایــی لــە هەمــان ئــەو ناوچەیــە دەکات کــە پێشــمەرگەکانی ئــەم ســەردەمە داســتانێکی هاوشــێوەیان تێیــدا ئەنجامــدا و دەڵــێ "میدییــەکان کــۆت و بەنــدی کۆیلایەتییــان لــە ئەســتۆی گەلانــی ناوچەکــە داماڵــی و ســەرجەم نەتــەوە و پێکهاتــەکان ئازادییــان بــۆ گەڕێندرایــەوە، ئــەم ســەروەرییە شــادی و ســەربەخۆیی بــۆ سەرانســەری وڵات دابیــن و فەراهــەم کــرد". بەهەمــان شــێوە، (پێغەمبــەر ناحــوم) درووودی خــوای لەســەر بــێ کــە لــەو ســەردەمە لــە مووســڵ ژیــاوە و لــە نزیکــەوە ئــاگاداری ڕووداوەکان بــووە، بــاس لــە شــادی و خۆشــحاڵی گەلانــی ئــەو ناوچەیــە دەکات دوای ســەرکەوتنی میدییــەکان لــە نەینــەوا و دەڵــێ "هــەر کەســێك گوێبیســتی ئــەو هەواڵــە دەبــێ لــە خۆشــیدا دەســت دەکا بــە چەپڵەلێــدان.. لەبــەر ئــەوەی بــەر لــە ئێســتا جــەور و ســتەمی زۆریــان چەشــتووە".

شـــوێن هەمـــان شـــوێنە، کوردســـتان هـــەر کوردســـتانی جارانـــە، پێشـــمەرگە هەمـــان خوێنـــی لێبوردەیـــی بـــە دەمارەکانیـــدا گـــوزەر دەکا، بـــەڵام تەنیـــا (٢٦٣٠) دوو هـــەزار و شـــەش ســـەت و ســـی ســـاڵ بەســـەر ئـــەو ڕووداوە تێپەڕیـــوە. باپیرانـــی کـــورد کـــە میدییەکانـــن ئەوســـا لـــە مووســـڵ، بوونـــە نموونـــەی فریادڕەســـی ئـــازادی و تەبایـــی و لێبوردەیـــی و پێکەوەژیـــان بـــۆ ســـەرجەم ئاییـــن و پێکهاتـــە و گەلانـــی دوروبـــەری خۆیـــان، کوردســـتانی ئەمـــڕۆش کـــە لـــە سـایەی پێشـــمەرگە ئازاکانییـــەوە دەپارێـــزرێ، هێشـــتا پەناگـــە ئـــارام و ڕەنگاوڕەنگـــە دێرینەکـــەی جـــاران بـــرەو پێـــدەدات، ئـــەو تاقـــە مەئـــوای ڕۆژهەڵاتـــی ناڤینـــە بـــۆ ســـەرجەم ئەتنیـــك و ئاییـــن ئـــەو پێکهاتانـــەی لێیـــان دەقەومـــێ و لـــە تەنگانـــەدا ڕووی تێدەکـــەن.

لـــە دوای ٢٠٠٣ و ڕووخانـــی دکتاتۆرییەتـــی بەعـــس، بـــە ماوەیەکـــی کـــەم لـــە ناوەڕاســـت و خـــوارووی عێـــراق تیـــرۆر و پاکتـــاوی مەزهەبـــی پەرەیســـەند و گشـــت پێکهاتـــە ئەتنیکـــی و ئایینـــی و ئایینزاکانـــی گرتـــەوە، کریســـتیانەکان بـــە لێشـــاو ڕوویـــان لـــە کوردســـتان کـــرد، لـــە بەغـــدا و مووســـڵ و دەشـــتی نەینـــەوا و ناوچەکانـــی دی کۆچـــی کریســـتیانەکان و لـــەم چـــوار پێنـــج ســـاڵەی کۆتاییشـــدا عەرەبـــە ســـوونەکانی مووســـڵ و ســـەلاحەددین و بەغـــدا و فەللووجـــە و ئەنبـــار پەنایـــان بـــۆ هەرێمـــی کوردســـتان هێنـــا. وێـــڕای زیاتـــر لـــە دوو ســـەت هـــەزار ئـــاوارەی ســـووری. کوردســـتان وەك دوورگەیەکـــی ئـــارام و ســـەلامەتی لێهـــات لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتی نوقمـــی خوێـــن و کـــۆچ و ئاگـــر و ماڵوێرانیـــی.

لـــە ســـەردانەکانی بـــەر لـــە ئێســـتای ســـەرۆك مەســـعود بارزانـــی بـــۆ

دەرەوەی وڵات و بینینی سەرۆك و بەرپرسانی وڵاتان، ئەو ڕاستیەیان بە ڕوون و ئاشکرایی بە سەرۆك بارزانی ڕاگەیاندووە کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە ناوچەی پێکەوەژیانە بۆ سەرجەم نەتەوە و ئایین و پێکهاتە جیاجیاکان، هەر بۆیە ئاوارە و لێقەوماوان بەبێ دوودڵیی ڕوو لەسەرزەمینی پێشمەرگەکان دەکەن و هەر کە پێ دەنێنە سەر خاکی کوردستان هەناسەی ئازادی و ئارامی هەڵدەکێشن و ترس و لەرزیان نامێنێ.

لە سەردانی شوباتی ٢٠٠٩دا بۆ ڤاتیکان، (قەداسەتی پاپا بەنەدیکتی شازدەیەم) ڕوو لە جەنابی سەرۆك بارزانی دەکا و دەڵێ "هەرێمی کوردستان تاکە شوێنی ئارامی ناوچەکەیە بۆ ژیانی ئازادی کریستیانەکان". لە میانی هەمان سەرداندا، بەڕێز (تاشیزیۆ بیرتۆنی) وەزیری دەرەوەی ڤاتیکانیش ڕاشکاوانە جەخت دەکاتەوە و دەڵێ "هیواداریـن کۆمەڵگەکانی تر و وڵاتانی تریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ کریستیانەکان بکەن، ئێمە بە هەموو شێوەیەك سوپاستان دەکەین".

(قەداسەتی پاپا فەرەنسیسی یەکەم) لە ئایاری ٢٠١٤ و لە میانی پێشوازیکردنی لە سەرۆك (مسعود بارزانی)، دەستخۆشی لە بەڕێزیان کرد بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان پێیگەیشتووە وەك هەرێمێکی ئارام بۆ ئەو پەنابەرانەی لە وڵاتانی دیکەی وەك سووریا پەنایان بۆی هێناوە، هەروەها ئەو کریستیانانەی لە بەشەکانی دیکەی عێراق لە ژێر هەڕەشە و توندوتیژیەوە ناچار

بوونــە شــوێن و زێــدی خۆیــان بــە جێبهێڵــن و ڕوو لــە هەرێمــی کوردســتان بکــەن. قەداســەتی پاپــا دەستخۆشــی لــە ســەرۆك بارزانــی دەکا بــۆ ئــەو سیاســەتەی لــە هەرێمــی کوردســتان بەرامبــەر هەمــوو پێکهاتــە ئایینــی و مەزهەبــەکان هەیــە و هیــوا دەخــوازێ کوردســتان و گەلــی کوردســتان هەمیشــە لــە ئارامــی و خۆشــگوزەرانیدا بــن.

دۆڵ و چیاکانــی کوردســتان بــە درێژایــی چەندیــن دەیــە هەمیشــە پەناگــەی ئــەو شۆڕشــگێڕانە بــووە کــە لــە خــوارووو و ناوەڕاســتی عێــراق لــە ترســی زەبروزەنگــی ڕژێمــی دکتاتــۆری بەعــس هەڵهاتــوون و لــە کوردســتانەوە درێژەیــان بــە خەبــات و تێکۆشــانی خۆیــان داوە کــە بەداخــەوە دواتــر زۆربــەی هــەرە زۆریــان ئەگــەر نەڵێیــن هــەر هەموویــان نمــەك حــەرام دەرچــوون و هیچیــان لەبەرچــاو نەبــوو و دوای گەیشــتنیان بــە کورســی دەســەڵاتی بەغــدا هەمــوو شــتێکیان بیرچــۆوە و ئەوانیــش وەك بەعسییەکان و بگــرە خراپتریــش نکووڵییــان لــە مافەکانــی کــورد کــرد.

## پێشمەرگە... پاراستنی سەرزەمینی ئازادی

ئـەو سـەرزەمینەی ئەمـڕۆ بـە هەرێمـی کوردسـتان نـاوزەد دەکـرێ، بەغـدا ڕۆژانێـك و سـاڵانێك و سـەردەمانێك بـە هەمـوو توانـای خۆیـەوە هەوڵـی خاپوورکـردن و پاکتاوکردنـی گەلەکـەی دەدا، ئـەوەی لەدەسـتی هـات کـردی، بەچەکـی قەدەغەکـراوی نێودەوڵەتـی لەبەرەکانـی جەنـگ دژ بـە پێشـمەرگە و هاووڵاتیانـی سـڤیل (ناپاڵـم، فسـفۆری، هێشـوویی) هەتـا کۆتایـی شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول دوای پیلانـی ڕەشـی جەزائیـر ١٩٧٥، بـەر لـەوە لەسـاڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ سـەدان هـەزار کـوردی فەیلـی دوورخرانـەوە و بەهەزارانیشـیان لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە جینۆسـایدکران، دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٨٣ هەشـت هـەزار بارزانـی لـە ئـۆردوگا زۆرەملێـکان ئەنفالکـران، ئینجـا لـە سـاڵەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ لـە هەڵمەتـە بەدناوەکانـی ئەنفالـدا لـە زۆربـەی شـوێن و ناوچەکانـی کوردسـتان ١٨٢٠٠٠ سـەت و هەشـتا و دوو هـەزار کـوردی بێتـاوان جینۆسـاید کـران و ٤٥٠٠ چـوار هـەزار و پێنـج سـەت گونـد تەختکـران، لـە ئـاداری ١٩٨٨ کـە لوتکـەی تراژیدیـای کـوردە؛ سـیمبوڵی مەزڵوومییەتـی نەتەوایەتـی گەلـی کوردسـتانە؛ ڕژێمـی دڕنـدەی شـۆڤێنیزمی بەعسـی عەرەبـی لـە هەڵەبجـە لـە چەنـد چرکەسـاتێکدا پێنـج هـەزار مرۆڤـی بـە چەکـی کیمیایـی جینۆسـاید کـرد و بەهەزارانیـش زامداربـوون.

بەرخودانـــی گەلـــی کوردســـتان و تێکۆشـــان و خەباتـــی نەپســـاوەی پێشـــمەرگە گەیشـــتە ئـــەو ڕۆژەی لـــە ئـــاداری ١٩٩١ راپەڕیـــن بکـــرێ و کوردســـتان ئـــازاد ببـــێ و دوای کۆچـــڕەوی ملیۆنـــی؛ وەك دیفاکتـــۆ ناوچـــەی (نـــۆ فـــلای زۆن - دژە فڕیـــن) پێکبهێـــنرێ کـــە دواتـــر حکوومـــەت و پەرلەمانـــی کوردســـتان و حوکمڕانـــی خۆماڵـــی لێکەوتـــەوە. دواتریـــش دوای چەندیـــن هـــەوراز و نشـــێو هەرێمـــی فیدراڵـــی کوردســـتان چـــرۆی کـــرد و گەشـــەی کـــرد و ســـەرباری هەمـــوو کەموکوڕییـــەکان و جـــووت گەمـــارۆی عێـــراق و نێودەوڵەتـــی و شـــەڕی ناوخـــۆ، دیموکراســـیەتیش وەك جۆرێـــك لـــە ئەزموونکردنـــی ژیانـــی فرەیـــی پەرەیســـەند، کوردســـتان لەگشـــت ڕوویەکـــەوە گەشـــایەوە، هەتـــا بـــەو ئاســـتە بـــگات چاودێـــران و خەڵکانـــی بیانـــی بـــە (عێراقەکـــەی دی) نـــاوزەدی بکـــەن.

لـــەدوای پرۆســـەی ئازادکردنـــی عێراقیـــش لـــە ٢٠٠٣، هەرێمـــی کوردســـتان ئارەزوومەندانـــە بڕیاریـــدا لەگـــەڵ پێکهاتـــەی عـــەرەب (عێراقێکـــی نـــوێ) بنیـــات بنێتـــەوە و ئەمـــە لـــە دەســـتووردا جێگیـــر کـــرا.

ئـــەم پێشـــەکیە کورتـــە بـــۆ ئەوەیـــە بگوتـــرێ؛ ئـــەو دیموکراســـی و ئازادییـــەی بـــە تەمابوویـــن لـــە عێراقـــی نوێـــدا چنگـــمان بکـــەوێ بـــەو دەردە بـــردرا کـــە ئەمـــڕۆ نـــەك هـــەر ئێمـــە بگـــرە چاودێرانـــی سیاســـییش لەســـەر ئـــەو ڕاســـتییە کۆکـــن کـــە چیـــتر ئومێـــد بـــەوە نەمـــاوە ئـــازادی لـــەو وێرانەیـــەی نـــاوی عێراقـــە چەکـــەرە بـــکا و دیموکراسیەتیش دەمێکـــە کۆتایـــی پێهاتـــووە. عێراقێـــك وەك ڕۆژانـــە لەمـــلاو لـــەولا بڵاودەکرێتـــەوە و جیهـــان بـــە چـــاوی خـــۆی دەیبینـــێ، تەنیـــا بەرژەوەنـــدی (!) وڵاتێکـــی بەنـــاو عێـــراق

هێشـتۆتەوە، ئەگینـا لـە ڕاسـتیدا شـوێنێك نەمـاوە نـاوی عێـراق بـێ.

هەتـا حوکمڕانانـی بەغـدا لـە (عێراقـی نـوێ) بـە تـەواوی پاشـگەزبوونەوەی خۆیـان لـە دەسـتوور و ڕێککەوتنـەکان پیشـان نـەدا و دواتـر بـە کردەنـی دژایەتـی خۆیـان بـۆ دەسـتوور ڕانەگەیانـد؛ سـەرکردایەتی سیاسـی گەلـی کوردسـتان و بـە دیارییکـراوی جەنابـی (سـەرۆك مەسـعود بارزانـی) زەنگـی ئـەو مەترسـییەی بـۆ دوور و نزیـك لـێ نـەدا، زەنگـی گەڕانـەوەی عێـراق بـۆ حوکمـی تاکـڕەوی و شـموولی، ئەوسـا لەسـەردەمی نـوری مالکـی بـوو کـە بـە ڕاشـکاوی گوتـی: (شـەراکەت و تەوافـوق و تـەوازون) لـە عێـراق کۆتاییـان هـات و کار بـۆ (زۆرینـەی سیاسـی) دەکرێـت، ئـەوە بـوو بەغـدا تانـك و تۆپـی نـاردە سـەر ناوچـە کوردسـتانییەکان لـە خانەقیـن و مالکـی لـە کۆبوونەوەکانیـدا هەڕەشـەی پەلاماردانـی کوردسـتانیدا، هـەر کاتێـك فڕۆکـەی (ئێـف ١٦)ی ئەمەریکـی بگاتـە دەسـتیان.

لەسـەرەتای حوزەیرانـی ٢٠١٤شـدا کـە دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش) شـاری مووسـڵی گـرت و دواتـر لـە جووڵەیەکـی خێـرای دراماتیکیانـەدا داعـش گەیشـتە دەروازەکانـی بەغـدا. سـوپای عێـراق کـە لـە ڕاسـتیدا هـەر سـەربازانی عەرەبـی تایفەیەکـی لەخـۆ دەگـرت و نـوری مالکـی دەمێـك بـوو ئـەو هاوسـەنگییەی نێـو دامـەزراوەی سـوپای تەفروتونـا کردبـوو، بـە چاونوقانێـك هەمـوو سـەنگەرەکانی خۆیـان بـۆ تیرۆریسـتانی داعـش چـۆڵ کـرد و تـەواوی چـەك و تەقەمەنـی و تانـك و تـۆپ و زرێپـۆش و پێداویسـتییە سەربازییەکانیشـیان ڕادەسـت

کـردن. ئـەوە بـوو لـە ناچاریـی؛ پێشـمەرگە سـنوورەکانی کوردسـتانی پاراسـت و لـە دۆخـی بەرگرییـدا مایـەوە. لەبەرئـەوەی کێشـەکە لـەوە قووڵـتر بـوو و سـەرەتای ئـەو ئەنجامـە بـۆ خێمەکانـی نارەزایـی خەڵکـی ئەنبـار و فەللوجـە و حەویجـە دەگەڕایـەوە و لـە بنەڕەتـدا شـەڕەکە لـە ڕقەبەرایەتـی دێرینـی نێـوان شـیعە و سـوننە سـەرچاوەی گرتبـوو.

دواجــار ئــەو ســەرزەمینەی نــاوی کوردســتانە و خەریــك بــوو پێدەگەیـی، خەریـك بـوو دەورانـی چاوەڕوانـی و بێهـوودە خۆبەسـتنەوە بـە جوگرافیایەکـی نابـووت (عێـراق) بەکۆتـا بێنـێ و دەسـت لەملانـی خەونـی لـە مێژینـەی خـۆی بـێ (کوردسـتان). لەولاشـەوە ئـەو عێراقـە کـۆن و پەڕپووتـەی جـاران، جارێکـی دی لەلایـەن خـودی حوکمڕانانـی بەغـداوە فەرمـوو فەرمـوو بـۆ هێنانـەوەی دەکـرا. سـەرکردایەتی سیاسـی گەلـی کوردسـتان بـە هەمـوو جۆرێـك هەوڵیـدا بـۆ ئـەوەی کوردسـتان لـەو شـەڕە تایەفەگەرییـەی نێـوان شـیعە و سـوننە تێـوە نەگلێـنرێ، بـەڵام بـە داخـەوە لەناوەخـۆ و دەوروبەریـش تۆمـەت و بوختانـی نابەجـێ دژ بـەو هەڵوێسـتە ڕاسـت و دروسـتەی گەلـی کوردسـتان هەڵبەسـتران، ئەنجـام ئـەو ئاگرەیـان هێنایـەوە سـەر خەڵـە و خەرمانـی کـورد. داعشـیان بەردایـە کوردسـتان بـۆ ئـەوەی ڕەوڕەوەی پێشـڤەچوونی سـەربەخۆیی کوردسـتان ڕابگـرن.

ئـەو شـەڕەی بـە داعـش کـرا دژ بـە گەلـی کوردسـتان، لـە بنەڕەتـدا بـە ئامانجـی گـورز وەشـاندن بـوو لـەو قـەوراە تـازە پشـکووتووی دیموکراسـخواز و ئازادیخـوازەی کوردسـتان کـە وەك ئینجانەیەکـی ڕازاوە

وابـوو لـە نێـو زەڵـکاوی تۆتالیتارسـتی و کۆنەپارێـزی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن. داعشـیش لـەو شـەڕەیدا بـە تەنیـا نەیدەویسـت جەنگێکـی ئایینـی دژ بـە گەلێـك، خۆیـان گوتەنـی (لادەر و مورتـەدد و ئەڵقـە لەگوێـی ڕۆژئـاوای سـەلیبی و عەلمانـی کافـر)!!! بەرپـا بـکا؛ ئـەو جەنگەیـان لـە ڕاسـتیدا لـە سـاتەوەختێکدا جۆشـدا کـە سـەرەتای ڕسـکانی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو، سـەرەتای وەرزی چنینـەوەی بـەری ڕەنـج و تێکۆشـانی دەیـان سـاڵەی مەینەتییەکانـی نەتـەوەی کـورد و تێکـڕای کوردسـتانیان بـوو، بـەڵام داعـش لـە دەروازەکانـی بەغـدا (وەحـی بـۆ نـازل) دەبـێ کـە پێویسـتە لـە جیاتـی ڕووخاندنـی بەغـدای (موحتـەل) پێویسـتە ڕووی جیهـادی (موقـەددەس) لـە کوردسـتان بـکا، بـۆ ئـەوەی قـودس ڕزگار بـکا و دژمنانـی (ئوممەتـی ئیسـلام) تەفروتونـا بـکات و (دارولکوفـر) بـە ئـاوی کەوسـەر بشـواتەوە؛ دەبـێ سـەرەتا هەولێـر بڕووخێنـێ!!.

ئـەو هەڵوێسـت و لێدوانانـەی سـەبارەت بـە لەباربردنـی پـڕۆژەی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە دوای خیانەتـی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ بڵاوبوونـەوە؛ ئامانجـی ڕاستەقینەی ئـەو شـەڕەی داعشیشـی وەدیارخسـت، کـە هـەر هەمـووی ئەڵقـەی یـەك زنجیـرەی پیلانـی ناوەخـۆ و ئیقلیمـی بـوون دژ بـە ئەزموونـی جیـاوازی کوردسـتان. هـەر لەبەرئـەوە بـوو (جەنابـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی) لـە سـەروبەندی ڕۆژانـی بـە جۆشـی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم ئـەو ڕاسـتییەی دووبـارە دەکـردەوە و دەیگـوت "تاقـە هەڵەیـەك لـە ڕیفراندۆمـدا هەبـێ ئەوەیـە کـە دەبوایـە بـەر لـە ئێسـتا گەلـی کوردسـتان سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیەندایـە."

ئـــەو پەرەســـەندنە گـــەورە و خێراییـــەی لـــە ســـایەی ئـــازادی و مومارەســـەکردنی جیـاوازی و فرەڕەنگـی لـە کوردسـتان ڕوویانـدا، سـەری کێشـا بـۆ ئـەو قۆناغـەی چیـتر کەناڵێـك نەمێنێتـەوە کوردسـتان بـە عێراقـی تاکـڕەو و مەزهەبگـەرا ببەسـتێتەوە، ئـەوە هیـچ گوناهـی گەلـی کوردسـتان نەبـووە کـە عێراقـی عەرەبـی مەزهەبـی بـەم ڕەشپۆشـیەی خۆیـەوە نەتوانـێ لـە کەرنەڤاڵـی هەمەڕەنگـی ئازادیـدا بەندێـك بچـڕێ.

ئـەو ئەزموونـی ئـازادی و دیموکراسـیەی کوردسـتانی کـردە (عێراقێکـی دی)، هەرگیـز بەرهەمـی شـەو و ڕۆژێـك نەبـووە، بەڵکـو بەروبوومـی ئـەو کەلتـوورە ژیاندۆسـتییەی گەلـی کوردسـتان بـوو، ئـەو کەلتـوورەی لێبوردەییـە بـە خوێنـی پێشـمەرگە و قوربانیدانـی گەلـی کوردسـتان هاتۆتـە کایـەوە و پێشـمەرگە و کوردسـتانیان پاراسـتیان و دەشـیپارێزن. هـەر ئـەو کەلتـوورە دێرینـە ژیاندۆسـتییە بـوو کوردسـتانی کـردە سـەرزەمین و پەناگـەی پەڕاگەنـدە و لێقەومـاوان. بێگومـان ئەگـەر پێشـمەرگە نەبوایـە هەرگیـز بەمـرۆ نەدەگەیشـتین. ئەوسـا ئـەو دوو ملیـۆن ئـاوارە و پەناهەنـدە و بێدەرەتانـەی عێراقـی شـیعی و عێراقـی سـوننی و سـووریای عەلەویـش ڕوویـان لـە وڵاتانـی ئەوروپایـی دەکـرد(!).

پاراســتنی ئــەو ســەرزەمینەی ئــازادی لــە کوردســتان لەلایــەن پێشـمەرگەوە بـۆ هەمـووان لـە پێویسـت پێویسـتتر بـوو، ڕاسـتە و جێـی داخ و ئەسـەفێکی یەکجـار قـووڵ و بـە ئـازارە بـۆ گەلـی کوردسـتان ئـەو هەمـوو پێشـمەرگە ئازیـزەی خـۆی لـە شـەڕێکی وەك شـەڕی داعشـدا لەدەسـت بـدات، بـەڵام ئەگـەر پێشـمەرگە لـەو سـەنگەرەدا خـۆی تـاو

نەدایــە؛ کــێ شــوێنگرەوەی ئــەو بــوو؟! بێگومــان وەڵام؛ هیــچ کــەس!!. بۆیــە زۆر گرنــگ و ئاســایی بــوو پێشــمەرگە ئــەو ڕۆڵــە ببینــێ کــە ڕۆڵــی خــۆی بــووە، ئەویــش پاراســتنی ئــەو ســەرزەمینەیە کــە ســاڵانێکە بــە خوێنــی خــۆی نەمامــی ئــازادی و تــۆوی ژیاندۆســتی لــێ دەڕوێنــێ، ئــازادی و بەهــا بەرزەکانــی ژیــان پێویســتیان بــە وار و ســەرزەمینێکی ئارامــە تــا مرۆڤــەکان بتوانــن لەســەریدا بژیــن و هەناســە بــدەن نــەك هەمیشــە خــەون بــە ئایندەیەکــی گەشــاوە ببینــن. لــە کوردســتانی پێشــمەرگە زۆرێــك لــە خەونــەکان بەدیهاتــن و بــوون بــە کەلتــوور؛ تەنیــا و تەنیــا پێویســتمان بــە پاراســتنییەتی، پێویســتمان بــە جوانــتر کردنییەتــی، پێویســتمان بــە زیاتــر و زیاتــر برەوپێدانییەتــی.

پێشــمەرگە بــە درێژایــی ســاڵانی تێکۆشــان کــە بــۆ بەدەســتهێنانی مافــە ڕەواکانــی گەلــی کوردســتان بەرەنــگاری ڕژێمــی دکتاتۆرییەکانــی عێــراق بۆتــەوە؛ هــاوکات بــۆ بەدیهێنانــی دیموکراســییەتیش بــۆ ئــەو عێراقــە خەباتیکــردووە کــە گەلــی کوردســتان و تێکــڕای پێکهاتەکانــی عێــراق دەچەوســێنێتەوە. مافــی خۆبڕیاردانــی چارەنــووس مافێکــی ڕەوای دانپێدانــراوە و یاســا و ڕێســا و بەڵگەنامــە نێودەوڵەتییــەکان جەختیــان لەســەری کــردووە. بــەڵام شۆڕشــی گەلــی کوردســتان و ســەرکردایەتییەکەی بەدەســتهێنانی مــاف و ئازادییەکانــی گەلیــان هــەر بــە نیشــتیمانێکی ســەربەخۆ نەبەســتۆتەوە بــە تەنیــا، هەڵبــەت ئــەوەش لــە کەلتووری پلوراڵ و هەمەڕەنگــی کوردســتانیان ســەرچاوە دەگــرێ کــە لــە دێرزەمانــەوە ســەرکەوتووانە ئەزموونــی کــردووە. بــۆ نموونــە بەرلــەوەی نــەك هــەر

شۆڕشـــی گەلانــی ناوچەکــە، بەڵکــو بیرمەنــد و دیموکراســخوازانی وڵاتــان و نەتەوەکانــی دراوسێشــمان لــە ناوچەکــە هێشــتا هــەر بیریــان لــە مەســـەلەی فیدراســـیۆنی پێکەوەژیانـــی پێکهاتـــەکان نەکردبـــۆوە ئـــەو کاتـەی خوالێخۆشـبوو شـێخی شـەهید (عەبدولسـەلام بارزانـی) لەسـەرەتای چەرخــی ڕابــردوو لەگــەڵ پێکهاتــە ئاینــی و نەتەوەییەکانــی کوردســتان و ناوچەکـە خەریکـی داڕشـتنی پـڕۆژەی جـۆرە کۆنفیدراڵیزمێـك بـوون. ئەمـە فراوانــی و دووربینــی و زەنگینــی هــزر و جیهانبینــی شــێخ عەبدولســەلام و نەتــەوەی کــورد بــە گشــتی دەخاتــەڕوو. دەنــا ئــەو ســەردەمە ســەرەتای ڕسـکانی بیـری ناسـیونالیزم بـوو لەسـەر ئاسـتی ناوچەکـە کـە دوای چەنـد ســاڵێکی کــەم (١٩١٩ و ١٩٢٠) بــە ســاڵی شۆڕشــەکانی نەتەوەخوازانــی عــەرەب نــاوزەد کــراوە و تێیــدا زۆربــەی وڵاتــە عەرەبییــەکان دەســتیان بــە شۆڕشــی ڕزگاریــی کــرد.

گرفتــی گەلــی کوردســتان لەگــەڵ بەغــدای ناوەنــد هــەر لەســەرەتاوە پرســی چەوســاندنەوە و نەبوونــی دیموکراســییەت و زەوتکردنــی مــاف و ئازادییەکانــی گــەل بــووە، دەنــا دەکــرا بــە هەبوونــی حوکمڕانییەکــی دیموکــراس و دادپــەروەر ئــەم وڵاتــە تووشــی هیــچ لــە مەینەتییەکانــی جەنــگ و ماڵوێرانـــی و جینۆســـاید نەبێتـــەوە. ســـەبارەت بـــەم پرســـە؛ ڕابــەری شۆڕشــی کوردســتان (مــەلا مســتەفا بارزانــی) لــە وتەیەکیــدا بــۆ ژمارەیـەك لـە سـەرکردەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە ناوەڕاسـتی نیســانی ١٩٦٧ دەفەرمــووێ: "دەســەڵات لــە چنگــی حکوومەتێکــی دز و بــێ ئەخلاقــە کــە خزمــەت بــە دژمنانــی عــەرەب و کــورد دەکات، دەنــا

ئێمــە نامانــەوێ ڕووبــەڕووی حکوومەتــی عێراقــی ببینــەوە، ئامانجــی شۆڕشــەکەی ئێمــە بەرژەوەندیــی عێراقــە بــە گشــت پێکهاتەکانییــەوە."

دوای (٥٠) پەنجــا ســاڵ، ئــەو بــاوەڕە جێگیــرەی (مســتەفا بارزانــی) دەرهــەق بــە پێکەوەژیــان و بەرگرییکــردن لــە دادپەروەریــی و مــاف و ئازادییــەکان؛ جارێکــی دی و لەســەردەمی هەرێمــی کوردســتان بەهەمــان هێــز و بــاوەڕەوە لەلایــەن جەنابــی ســەرۆك مەســعود بارزانــی دووبــارە دەکرێتــەوە، کاتێــك هەمــان ئــەو بەغدایــە سەرســەختانە لــە پەیــمان و یاســا و تــەواوی بنەماکانــی دەســتوور پاشــگەز دەبێتــەوە، گەلــی کوردســتان ناچــار دەبــێ بیــر لــە ڕێگاچارەیــەك بکاتــەوە. لەمبارەیــەوە ســەرۆك مەســعود بارزانــی لــە ١٤ی شــوباتی ٢٠١٨ هەمــان ئــەو دیــدەی (بارزانــی مــەزن) دووپــات دەکاتــەوە و دەڵــێ: "پێشــێلکردنی دەســتوور و تێکدانــی تەوافــوق و هاوســەنگی و نەهێشــتنی شــەراکەت وای کــرد گەلــی کوردســتان بڕیــاری ڕیفرانــدۆم بــدات". بۆیــە دوێنــێ و ئەمــڕۆی بەغــدا هیــچ جیاوازییەکــی بــۆ گەلــی کوردســتان نییــە، ئەوســا (مســتەفا بارزانــی) گوتەنــی دەســەڵاتی بەغــدا کەوتۆتــە ژێــر چەپۆکــی دز و بــێ ئەخــلاق و خزمەتــی دژمنانــی عــەرەب و کــورد دەکــەن، کوردیــش ڕێگایەکــی دی لەبەردەمــدا نەماوەتــەوە بێجگــە لــە شــۆڕش و مقاوەمــەت. ئەمــڕۆش کــە بەغــدا لەســەر کاغــەز ئیمــزا لەســەر هەمــوو بەڵێنــەکان دەکا و لەســەر ئــەرزی واقیــع لێــی پاشــگەز دەبێتــەوە، گەلــی کوردســتان ناچاربــوو لــە ٢٥ی ئەیلوولــی ٢٠١٧ ڕیفرانــدۆم بــکات و بــە ڕێــژەی زیاتــر لــە ٩٢٪ دەنگــی بەڵــێ بــۆ ســەربەخۆیی و دەوڵەتبــوون هــاوار بــکا.

دوای خیانەتکاریەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و پەلاماردانی کوردستان لەلایەن بەغداوە، جارێکی دی ئەو ئەزموونە بێهاوتەیەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی کە کوردستانی کردۆتە پەناگەی ئارامی گشت پێکهاتەکانی عێراق و ناوچەکە کەوتەوە بەر هەڕەشەی لەناوچوون، ئەو کوردستانەی بۆتە چیرۆکی سەرکەوتنی دیموکراسییەت و پێکەوەژیانی جیاوازییەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەك پەڕی بەر ڕەشەبا لەلایەن دۆستانی دیموکراسی و جیهانی ئازادەوە پشتی تێکرا، بەڵام پێشمەرگە داستانی نەبەردیی لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە تۆمار کرد و سوپای بەغدای لەو شوێنانە ڕاگرت. ئەوەبوو سەرۆك و پێشمەرگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان مەسعود بارزانی لە ٢٩ی تەشرینی یەکەمی ٢٠١٧ هەمان ئەو پەندە دێرینەی کوردستانی بە بیر هەمووان هێنایەوە و گوتی: "جارێکی دی دەرکەوت کە خەڵکی کوردستان تەنیا خۆیانن و چیاکان دۆستیانن".

ئەو سەرزەمینەی ئازادی لە کوردستان کە ماڵی هەموانە و تێکۆشانی پێشمەرگە بە ئامانجی پاراستنی ئەو ماڵەی ئازادییە بۆ سەرجەم پێکهاتەکان. ئەگەر هاوپەیمانان و ئەو دۆستانەی کە تێکۆشان و پشوودرێژیی گەلی کوردستانیان بۆ بنیاتنانی (عێراقی نوێ)! و چاوەڕێکردنی بەساڵانی کوردیان بۆ بەدیموکراسیبوونی عێراق بەهیچ وەرنەگرت، گەلی کوردستانی ناچار کرد چیتر بە ئومێدی زیندووبوونەوە بەدیار تەرمی عێراقەوە دانەنیشێ، بەڵام دیموکراسیش هەمان قەدەری گەلی کوردستانی هەبوو، لەبەرئەوەی وەك چۆن

دیموکراسـییەت لـەم خاکـە نەزۆکـەی عێـراق چەکـەرە نـاکا، ئەوانـەی هەتـا دوێنـێ بەشـان و باڵـی پێشـمەرگەیان هەڵدەگـوت، بینیـمان لـە خیانەتەکـەی ١٦ی ئۆکتۆبـەر هەمـوو ئـەو دروشـم و پرانسـیپ و بەهایانەیـان بیرچـۆوە و گوێـی خۆیـان لـە ئاسـت ئـەو گەلەکۆمەکیـەی دژ بـە پەناگـەی لێقەوماوانـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن (عێراقەکـەی دی)! کـەڕ کـرد.

سـەبارەت بـەو هەڵوێسـتەی وڵاتـان، کـە پێشـمەرگە لەبـڕی گەلـی کوردسـتان و ئـەو جیهانـە ئـازادە دژ بـە تیرۆریسـتانی داعـش جەنـگا و خوێنـی بەخشـی، سـەرۆك و پێشـمەرگە مەسـعود بارزانـی دەڵـێ: "ئـازادی و سـەربەخۆیی باجـی دەوێ؛ بـەڵام وڵاتانـی جیهـان بەداخـەوە لـە کاتـی پێویسـتدا گەڕانـەوە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و مەبادئیـان بیرچـووەوە، ڕێـك پێچەوانـەی هەڵوێسـتی پێشـوویان کـە وایـان پیشـاندەدا لەبەرگریـی لـە مرۆڤایەتـی و شـکاندنی داعـش، پاداشـتی پێشـمەرگە و خوێنـی شـەهیدان بدەنـەوە".

ئـەوەی نەگـۆڕە، گەلـی کوردسـتان کـە لـە ڕیفرانـدۆم دا ویسـتی ئـەو سـەرزەمین و جوگرافیایـەی خـۆی نـاو بنـێ نیشـتیمانی ئـازاد و سـەربەخۆ؛ ئـەو هەمـوو پیـلان و شەڕوشـۆڕەیان بەسـەریدا هێنـا. بـەڵام خەبـات و تێکۆشـانی پێشـمەرگە و کوردسـتانیان لـە پێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیی و پاراسـتنی بەهاکانـی لێبوردەیـی و ژیاندۆسـتی بەردەوامـە و تـا سـەر بـەردەوام دەبـێ.

## خۆنەچەماندن... نهێنی مانەوەی نەتەوەیەك

مێژوونووسی گریکی (زەینەفۆن) لە کتێبی (ئاناباس)دا لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین دەڵێ: "کاردۆخەکان گەلێکی چیانشین و شەڕکەر و بە غیرەتن، ئەوان سەربەخۆ دەژین و ژێردەستەی پاشای فارس نین".

دوای تێپەڕبوونی (٢٣٢٥) دوو هەزار و سێ سەت و بیست و پێنج ساڵ بەسەر ئەو قسەیەی زەینەفۆن، کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی سەر بە کۆمەڵەی گەلان (عوسبەتولئومەم) سەبارەت بە دیارکردنی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ١٩٢٤ دا هەمان قسە و لێکدانەوە سەبارەت بە نەتەوەی کورد دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ "کوردەکان نەتەوەیەکی شەڕکەر و جەربەزەن، سەر بۆ هیچ کەسێك دانانەوێنن، لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو نین، بەڵام لەگەڵ ئەو نەتەوانەی لە وڵاتەکەیاندا دەژین هەمیشە دراوسێی باشن و بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە دەژین".

لێکۆلەری ئەرمەنی خاچاتۆر ئابۆڤیانیش لێبڕاوانە دەڵێ "بە هەموو واتای وشە، دەتوانین نازناوی سوارچاکانی ڕۆژهەڵات بدەینە کوردەکان".

هەر کارەکتەرێك ئەگەر خەسڵەتەکانی بوون بە سیمبوڵی تێدا نەبێ، هەرگیز ناتوانێ ئەو بەهایانە بپارێزێ کە بەلای جیهانی ئازادەوە

شایانی پاراستن و قوربانیدانـن. لێـرەدا پێشـمەرگە وەك ناوێـك؛ لـە پاشـخان و ڕابـردوو و یـادەوەری و باکگراوەنـد؛ دنیایـەك لـە قارەمانێتـی و داسـتان و نەعرەتـە و شـکۆ لەخۆدەگـرێ.. مێژوویـەك تـژی لـە جانگۆرییـوون لـە پێنـاو پاراسـتنی ئیـرادەی نەتـەوە لـە ڕادەسـتبوون.. مێژوویـەك تـژی لـە بەرخـودان و بەرەنگاریـی ڕەوای ئابڕوومەندانـە.

لێـرەدا ئـەوەی گرنگـە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـرێ ئەوەیـە، پێویسـتە شـیکردنەوە و خوێندنـەوە بـۆ دوو ئاراسـتەی یـەك مـژار بکـرێ کـە یەکەمیـان (خـۆ نەچەمانـدن)ی نەتەوەیـە لەسـەر ئاسـتی گیانـی بەرخـودان و بەرەنگاریـی سەرتاسـەری و ئینجـا (خـۆ نەچەمانـدن)ی پێشـمەرگە وەك شـێوازی بەرەنـگاری و ئـەو دنیابینییـەی نەتـەوە بـۆ مانـەوە هەیەتـی. خـۆ نەچەماندنـی نەتـەوە لەپێنـاو ژیانـە، بـەڵام خۆنەچەماندنـی پێشـمەرگە لـە پێنـاو پاراسـتنی ژیان و بەخشـینی مانایە بـە خودی مانەوە، بەخشـینی مانایە بـە مانـەوەی نەتـەوە. لێرەدا پێشـمەرگەی جانگـۆری و ئەو ڕووبـارە خوێنەی پێشـمەرگە و تێکـڕای نەتـەوە بـە سـەخاوەت پێشکێشـی دەکات، بەخشـینی بەخۆڕایـی قوربانـی نییـە، خوێنبەربوونێکـی بەخۆڕایـی و خرۆشـانێکی ماتەمگێڕانـە نییـە، بەڵکـو وەبەرهێنانـەوەی ژیانـە لـە میانـی بەرخودانـی ژیانگـەرا؛ ژیانگـەرا بـە واتـای هـەر جووڵـە و بزاوتێـك مەیلـی ژیاندۆسـتی لەنێـو ویسـت و ئیـرادە و زەینییـەت و مێنتالیتـەی مرۆڤـەکان چەکـەرە پێبـکا. بەرخـودان و جەنـگان ئەگـەر بـۆ تەفروتوناکـردن بێ و بـەس، هەرگیز سـوود و کەڵکـی بـۆ نیشـتمان و کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی نابـێ، بەڵکو ئەوسـا خەبـات و بەرخـودان دەبنـە ماشـێنێك بـۆ سـازکردنی مـەرگ و هیچـی تـر.

لێرەدا خۆ نەچەماندن ئەگەر بە تەنیا بۆ گەرەنتیکردنی مانەوەی کۆمەڵە مرۆڤێك بێ بە ناوی هۆز و گەل و نەتەوە، ئەوە نموونەی ئەو جۆر و فۆرمەی مانەوە لە ناو مێژوودا زۆرن.. بەڵام مەبەست لێرەدا مانەوەی بەرهەمدار و پۆزەتیڤە، ئەو بەرخودانەی مانەوە و ژیان بە نەتەوە و گەلانی دیکەش دەبەخشێ، هەمووان لە ژیان و ئاشتی و ئۆقرەییدا هاوبەش دەکا، کەواتە ژیان و ئازادی و ئاشتی؛ بەهای هاوبەشی سەرجەم مرۆڤایەتیین، ئەو هێزەی لە توانایدا بێ ئەو بەهایانە بپارێزێ و ماڵی خۆی بکاتە پەناگای ئارام بۆ گشت لێقەوماوان، بێگومان هێزێکە شایستەی ئەوەیە وەك سیمبوڵ تەماشا بکرێ.. لەمبارەیەوە بەڕێز (ئۆرزۆلا ڤۆن دێر لاین) وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا لە شوباتی ٢٠١٨ لە میانی سەردانیدا بۆ هەولێر؛ بە ڕاشکاوی گوتی: "ئێمە هەرگیز قوربانیدانی پێشمەرگە لە بیر ناکەین کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە داعش جەنگا". بەرلەویش، لە نیسانی ٢٠١٧ بەڕێز (زیگمار گابریێل) وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دوای دیدەنی لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ڕایگەیاند، "ئەو بەرگریکردنەی پێشمەرگە و ڕووبەڕووبوونەوەیان دژ بە ڕێکخستنی دەوڵەتی ئیسلامی؛ هاوکات بەرگریکردنە لە ئەمن و ئاسایشی ئەڵمانیا".

پێشمەرگە بۆیە سیمبوڵە لەبەرئەوەی توانای ئەوەی هەیە سەرکەوتنی سەربازیی بکاتە سەرکەوتنی کۆی ژیان، توانای ئەوەی هەیە لە میانی بەرگریکردن لە نیشتیمان و نەتەوەیەك بەرگریی لە کۆی ئەوانی دیکەش بکات، هەڵبەت ئەوەش بە ڕێگای پێگیربوون بە پەیامی مرۆڤانەی

هیومانتێریاڵ کە ڕێزگرتنە لە یاسا و ڕێسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و قوربانیدان لە پێناو گشت بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

لەبەرامبەر ئەو ڕێزگرتنەی گەلی کوردستان لە بنەماکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و پەیوەستبوونی پێشمەرگە بەو ئەتیك و مۆراڵە بەرزەی مرۆڤایەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاپۆکسیۆمینۆی ئیتاڵی لە ١٩ی گەلاوێژی ٢٠١٨ لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا لە رۆمای پایتەخت، خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکێش بە پێشمەرگەکانی کوردستان کرد لە بەرامبەر ئەو ڕۆڵە جوامێرانەی پێشمەرگەی کوردستان هەیبووە لە جەنگان دژ بە تیرۆریستانی داعش و ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤایەتییەکان و پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل و بە تایبەت کریستیانەکان.

## پێشمەرگە... کەلتووری بەرگریی ناتوندوتیژ

هەڵەبجە و ئەنفال و شەڕی تیرۆر دژ بە کورد و کوردستان، نموونەی زەق و حاشاهەڵنەگرن کە پێشمەرگە و گەلی کوردستان لەبەرامبەر دژمنێکی دڕندە و تا ئەوپەڕی توندوتیژ بەردەوامییان بە خەباتی خۆیان داوە. ئەگەر دوا شەڕی نەگریسی نەیاران دژ بە کوردستان؛ تیرۆریستانی داعش کردبێتیان و توندوتیژیی داعشیەکان تێیدا گشت ئاستەکانی بەخۆیەوە بینیبێ کە بە هۆی عەقیدە و بڕوایانەوە؛ خۆکوشتن و خۆتەقاندنەوە و سەربڕین و سووتاندن و گشت شێوازەکانی توندوتیژیی بە ڕەوا دەبینن، بەهەمان شێوە دەبینین بەعسیەکانیش کە درێژکراوەی بیر و مێنتالیەتی شۆڤێنییەت و پاشڤەڕۆی عەرەبین؛ ئەوانیش بە درێژایی زیاتر لە ٣٠ سی ساڵ ئەوەی توندتر و تیژتر بوو دەرهەق بە کوردستان کردیان؛ هەتا ئاستی پراکتیککردنی هەمان ئەو فۆرمە ئایینییەی کە داعش دژ بە شەنگال و حەشدی شەعبی دژ بە خورماتوو ئەنجامیاندا.

لە ڕاستیدا شەڕی داعش؛ شەڕی هەرە سەختی پێشمەرگە بووە بە درێژایی ساڵانی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان، سەختترین و ڕاستەقینەترین شەڕی شۆڤێنییەتی عەرەب و سەلەفییەتی خوێنگەرای ئایینی بووە دژ بە ئازادی و ئازادیخوازان کە کوردستان نوێنەرایەتی کردووە.

لێکچوونێکی تەواو لە نێوان تاوانەکانی (بەعس و داعش و حەشد)دا لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەیە، (ئەنفال)ی بەعس و (سەبی)کردنی ئافرەتانی سەربەرزی کوردی ئێزدی لەلایەن داعش و (ئەتککردن)ی ئافرەتانی سەربەرزی گەرمیان و سەپاندنی مەزهەبگەرایی لەلایەن حەشدی شیعی، هەرهەمووی لە یەك کەلەپووری بۆگەنی دواکەوتووی کۆنەپارێزی بیابانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول زۆرجار دەگێڕنەوە، ڕابەری مەزنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان (مەلا مستەفای بارزانی) دەیفەرموو؛ نابێ ئێمە چاو لە ڕەفتاری دڕندانەی دژمنەکانمان بکەین، دەنا فەرقی ئێمە و ئەوان چیە!، هەرگیز ڕێگا بە پەیڕەوکردنی تیرۆر و توندوتیژی نادەین وەك تۆڵەکردنەوە لە دوژمن، ئێمە مافێکی ڕەوامان هەیە و بە ڕێگایەکی ڕەوایش خەبات بۆ بەدیهێنانی دەکەین، با بەعسیەکان هەر چیەك دەکەن بیکەن، ئێمەش بە پێی بیروباوەڕی خۆمان تێدەکۆشین، خەبات لە پێناوی ڕزگاری و ئازادی و دیموکراتی قبووڵی شێوازی نائینسانیانە و قێزەون ناکات. هەڵبەت ئەمە شیکردنەوەی جیهانبینی بارزانی مەزنە، ئەمە فەلسەفە و عەقیدەی ڕابەری شۆڕشی کوردستانە، بەم شێوەیە پێشمەرگەکانی خۆی پەروەردە کردووە. هەڵبەت (مستەفا بارزانی مەزن)یش ئەو کەلتوورە ڕۆشن و گرانبەهایەی لێبوردەیی و ژیاندۆستییەی لە عەقیدە و سەرچاوەیەکی ڕوون و زوڵاڵی کوردایەتییەوە هەڵێنجاوە کە بۆ شێخی شەهید (عەبدولسەلام بارزانی) دەگەڕێتەوە.

کەلتــووری گەلــی کوردســتان ئەوەیــە، هەرگیــز شــێوازی دزێــوی نامرۆڤانــە ناگرێتەبــەر، تەنانــەت بــۆ کوشــتنی دژمنەکانیشــی، ئابڕوومەندانــە بەرگریــی لــە ئاشــتی دەکات، ســەربەرزانە لــە پێنــاو شــکۆی مرۆڤبــوون و بەهاکانــی ژیــان دەجەنگــێ، تیــرۆر و توندوتیژیــی هێــزی نەیــار؛ هەرگیــز ناتوانــێ پێشــمەرگە ملکەچــی هەمــان پەیــڕەوی دزێــو بــکات.

بەردەوامبوونــی پێشــمەرگە لەســەر پەیوەســتبوون بــەو کەلتــوورە بــەرزەی لێبوردەییــەوە، بێجگــە لــەوەی لــە نێوان خەڵـك و خاکی کوردســتانی و ڕژێمــە چەوســێنەر و داگیرکەرەکانــی کوردســتان، جیاوازیەکــی لــە بەهــا دروســت کــرد، گەلــی کوردستانیشــی کــردە ئــەو هێــزەی لــە توانایــدا بــێ بەرگــە بگــرێ و برینەکانــی خــۆی ســاڕێژ بــکات و وڵاتــە وێرانکراوەکــەی خۆیشــی ئــاوەدان بکاتــەوە، بــە چــاو لــە ئایندەیەکــی رۆشــنتر هەمــوو ئــەو کۆســپ و تەگــەرە و نەهامەتییــە ســەختانە تێپەڕێنــێ و کوردســتانەکەی خــۆی بکاتــە ئــەو ســەرزەمینە ڕەنگیــن و ئارامــەی کــە دۆســت و دوژمــن شــایەتی ئەوەیــان بــۆ داوە.

هەڵبــەت دروســتبوونی جیاوازیــی بەهــا لــە عێــراق و (عێراقەکــەی دی) کــە کوردســتانە، بــۆ ســەرچاوەی ئــەو بەهایانــە و جیاوازیــی خــودی ئــەو بەهایانــە لــە هــەردوو ســەرزەمینەکە دەگەڕێتــەوە. کوردســتان وەك ســەرزەمینی جیاوازیــی و فرەیــی و خەباتــی ڕزگاریــی لــە پێنــاو ئــازادی و دیموکراســی و ســەربەخۆیی، عێراقــی عەرەبییــش وەك ســەرزەمینی واحیــدون ئەحــەدی (یەکســەرزەمین و یــەك ئاییــن و یــەك زمــان و یــەك ئوممــەت)!، ئــەو ســەرزەمینە واحیــدەی (بەعســییەکان)

لــە پێناویــدا تــەواوی کوردســتانی باشــوور و (حەشــدی شــیعی) دووز و خانەقیــن و داقــووق و کەرکــووك و شــەنگال و (داعش)یــش شــەنگال و کۆچــۆ و ســنوونێ و زومــمار و گوڵاڵەیــان خاپــوور و وێــران کــرد.

کوردســتان خــەون بــە ئازادییــەوە دەبینــێ و عێراقیش بەو جــۆرە خەونانە وەڕس و بێــزار دەبــێ. کوردســتان ئازادبــوون و بەدەســتهێنانی مافەکانی خۆی بــە دیموکراســیبوونی عێراقــەوە دەبەســتێتەوە و خەبات لە پێنــاو (دیموکراتی بــۆ عێــراق و ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان) دەکات. عێراقیــش مانــەوەی خــۆی وەك (میشــێل عەفلــەق) دەڵــێ؛ بــە یــەك نیشــتیمان و یــەك نەتــەوە گــرێ دەدات و لــە پێنــاو بوژانــەوەی ئوممــەی عەرەبــی؛ هەمــوو ئــەو ئەتنیــك و پێکهاتانــەی دی بــە عــەرەب و میــوان لەســەر خاکــی پیــرۆزی عرووبــەت دەناسێنێ کــە ئــەو پێکهاتــە جیاوازانــە لــە کۆتــادا ئەگــەر نەبــن بــە عــەرەب و شــانازی بــە نیشــتیمانی عەرەبــەوە نەکــەن؛ ئــەوە بــێ یەکــودوو دەبــێ لەنــاو ببرێــن، وەك چــۆن لــە ئەنفالــە بەدناوەکانــدا کوردیــان بــەو دەردە بــرد.

ئــەوە کرۆکــی جیاوازیــی نێــوان بەهاکانــی کوردســتان و بەهاکانــی عێراقــە، ئــەو عێراقــەی دەیــان ســاڵ پێشــمەرگە و گەلــی کوردســتان و دواجار هێزەکانــی هاوپەیمانــان بــە ڕابەرایەتــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا قوربانییــان لــە پێنــاو ئازادکردنیــدا بەخشــی، ئەمــڕۆش چەنــد لایەنێکــی کاڵفامــی سیاســی مەزهەبــی پێیــان وایــە ئازادکردنــی عێــراق هــەر لــە سێدارەدانی ســەددام حوسێن و دەرپەڕاندنــی سوننە و کریستیانەکانە!!!. لەبــەر ئــەم هۆکارانــە کوردســتان ویســتی ســەربەخۆ بــێ، چونکــە پێشــمەرگە خوێنــی بــۆ ئــازادی ڕاســتەقینە ڕژاوە نــەك بــۆ ئــەوەی کەســانێك بێــن یــاری

بـە بەرهەمـی خوێـن و فرمێسـك و خەباتـی کوردسـتانیان و ئـەو عێراقییـە ڕەسـەنانە بکـەن کـە دەیـان سـاڵە بـۆ ئـازادی و دیموکراسـی و لێبوردەیـی و ڕێزگرتنـی جیاوازیـی تێدەکۆشـن و قوربانـی دەدەن.

پێشـمەرگە و گەلـی کوردسـتان نەچوونـە ژێـر بـاری ڕەفتـار و زەینییەتـی کۆنەپارێـز و وەحشـیگەرانە. سـاڵانی دوورودرێـژی بەرخـودان زیاتـر و زیاتـر گەلـی کوردسـتان و پێشـمەرگەی لەسـەر ئـەو ڕێبـازە ڕەسـەنەی کوردایەتـی و مرۆڤایەتـی مکوڕتـر کـرد، ئەوسـا کوردسـتانیان بێجگـە لـە شـاخەکان دۆسـتی دیکەیـان نەبـوو، بـەڵام دەرکـەوت دۆسـتی هـەرە نێزیـك و گیانـی بەگیانـی کوردسـتانیان بێجگـە لـە چیـاکان؛ ئـەو کەلتـوورەی لێبوردەیـی و ژیاندۆسـتیەیە، ئـەو کەلتـوورەی بەرخودانەیـە کـە هەمیشـە دەیانپارێـزێ و دەبێتـە فریادڕەسـی تەنگانـە بۆیـان.

بـۆ تیشـك خسـتنە سـەر شوناسـی ڕاسـتەقینەی کارەکتـەری پێشـمەرگە و گەلـی کوردسـتان کـە لـە کامـە کەلتـوور و سـەرچاوەوە فۆرمـی ئیدارەدانـی ململانێـی خۆیـان دەرهـەق بـە بـەرەی نەیـار هەڵدەبژێـرن، بۆمـان دەردەکـەوێ جیاوازیەکـە ئەوەنـدە گەورەیـە هـەر ئـەو ئەنجامـەی لێدەکەوێتـەوە کـە لـە ڕۆژانـی پـڕ شـکۆی ڕیفراندۆمـی مـەزن؛ کوردسـتانیان بـە گـەورە و بچووکـەوە بـە دەنگـی بـەرز دەیانگـوت و هاواریـان دەکـرد (بـا هەردوولامـان دراوسـێی باشـی یەکـتر بیـن). ئەگینـا بـەرەی بەرامبـەری پێشـمەرگە و گەلـی کوردسـتان (کـە عێراقـی عەرەبـی)ە، هەرگیـز ئـەو ئومێدەیـان لـێ چـاوەڕێ ناکـرێ ڕۆژێـك لـە ڕۆژان باوەڕیـان بـە ئـازادی و دیموکراسـی و فرەڕەنگـی و بەهاکانـی ژیاندۆسـتی و لێبوردەیـی بێـت،

ئـەوان لـە دۆڵێکـی قـووڵ و ئـازادی و دیموکراسـی لـە دۆڵێکـی دی.

زۆر گرنگـە بـاس لـەو پرسـە بنەڕەتییـەی (ئیدارەدانـی ململانـێ) بکەیـن کـە لایەنـی کوردسـتانی لـە لایەنـی عێراقـی جیـا دەکاتـەوە و هەردوولایـان بەسـەر دوو ئاڕاسـتە و دوو مێنتالیتـە و جیهانبینـی زۆر لەیەکـدوور دابـەش دەکات. کوردسـتان لەنـاو بازنـەی مێنتالیتـەی (بەرگریـی و ململانێـی پۆزەتیـڤ) و لایەنـی عێراقـی عەرەبییـش لەنـاو بازنـەی داخراوی (خۆپەسـند و پەلامـاردەری نێگەتیـڤ). لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەو پۆلێنـە بکەیـن کـە نووسـەرانی پەرتووکـی (جەنگـی ناتوندوتیژ..بـژاردەی سـێیەم) دەرهـەق بـە جیهانـی عەرەبـی و ئیسـلامی و سرووشـت و ئاسـتی ململانێـکان بـە گشـتی خوێندنەوەیـان بـۆ کـردووە، ئـەو نووسـەرانە لـە میانـی ئـەو لێکۆڵینـەوەی خۆیـان بەو ڕاسـتییە گەیشـتوون و دەڵێـن "پاکتاوکردن و ڕیشەکێشـکردنی بە تەواوەتـی یاخـود سـفرکردنەوە و لەناوبردنـی لایەنـی بەرامبەر لـە ململانێدا، جـۆری دڵخـواز و تاقـە ئامانجی ململانێیـە لە جیهانی عەرەبی و ئیسـلامی"دا.

ئــەو بــژاردەی ســفرکردنەوە و تەفروتوناکــردن (کاڵای ڕێــك بەقــەد بـاڵای) حوکمڕانانـی بەغدایـە، بـە دەلیلـی ئـەوەی هیـچ هێزێکـی سیاسـی و مەزهەبـی عەرەبـی شـیعەی عێراقـی و بەهەمـان شـیوە بەغـدای ئەوسـای بەعســی عەرەبیــش ڕۆژێــك لــە ڕۆژان دانوســتانیان لەگــەڵ یەکتریــدا نەکـردووە و هەمیشـە چاویـان لـە نەهێشـتنی یەکجارەکـی یەکـتر بـووە، بێگومـان هـۆکاری ئـەو دۆخـەی ڕەفتـارە لای عـەرەب و جیهانـی ئیسـلامی زۆر و دیــارن، بــەڵام ئــەوەی گرنگــە جــۆری بیرکردنــەوە و زەینییەتــی هــەردوو لایەنـی سـوننە و شـیعەی عەرەبـی عێراقییـە کـە دەکەونـە نـاو

بازنــەی (ململانێــی ســفرکردنەوە)وە؛ ئــەو ئاســتە بــاوەی ململانــێ لــە جیهانــی عەرەبــی و ئیســلامی کــە ســەدان ســاڵە کاولــکاری و تراژیدیــا و مەینەتــی بــۆ خۆیــان و نەتەوەکانــی دی بەرهــەم هێنــاوە. لــە بەرامبــەردا کوردســتان کــە هەمیشــە لەلایــەن بەغــداوە ئــەو ململانێــی ســفرکردنەوەی بەســەردا تاقیکراوەتــەوە (ئەنفــال و چەکــی کیمیایــی- جینۆســاید)، کەچــی لایەنــی کوردســتانی ســەرەڕای ئــەوەی زۆر دڵنیابــووە لــەوەی بەغــدا (ئەوســا و ئێســتا.....) هەرگیــز متمانــەی پــێ ناکــرێ؛ بــەڵام ســەرکردایەتی سیاســی گەلــی کوردســتان دەرگای دانوســتانی دانەخســتووە. ئەمــەش بــەو مانایــە دێــت کــە کەلتــووری کوردســتان جۆرێکــی دیکەیــە لــە پۆلێنــی فۆرمەکانــی ئیدارەدانــی ململانــێ، فۆرمــی کوردســتانی ناکەوێتــە بازنــەی ســفرکردنەوە و پاکتاوکــردن و ڕەشــکردنەوەی بەرامبــەر، بەڵکــو کەلتوورێکــە بەرهەمــی فرەیــی و جیــاوازی و بەرامبەربینــی و دایەلۆگخــوازە، بۆیــە ئەوەی کوردســتان هــەردوو فۆرمــی (ململانێــی بەدەســتهێنانی خــاڵ) و (ململانێــی بەرگرییکــردن) دەگرێتــەوە. لەبەرئــەوەی بەرگریــی ناتوندوتیــژ لای گەلــی کوردســتان و پێشــمەرگە ســاڵانێکە بۆتــە ســتراتیژ و کەلتــوور.

هەڵبــەت دەبــێ ئــەوەش قــەدەری گەلــی کوردســتان بــێ بەرخــورد لەگــەڵ ڕکەبەرێکــی لەمجــۆرە بــکات کــە بــاوەڕی بــە دایەلــۆگ نییــە و تاقــە ئامانجــی ئەوەیــە بەرامبەرەکانــی خــۆی فەنــا بــکات. گەلــی کوردســتان هەتــا ئێســتا لــە ســۆنگەی فۆرمــی (ململانێــی بەدەســتهێنانی خــاڵ و بەرگرییکردن)ەوە؛ دوو جــار توانیویەتــی دوو بەڵگەنامــەی فەرمــی گرنــگ بــە بەغــدا ئیمــزا بــکات. یەکەمجــار بەڵگەنامــەی فەرمیــی ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــاداری

بــە بەعســییەکان (حوکمڕانانــی بەغــدای ١٩٧٠) ئیمــزا کــرد. دووەم جــار دەســتووری هەمیشــەیی عێراقــی بــە (حوکمڕانانــی بەغــدای ٢٠٠٥) پەســند کــرد کــە دواجــار لەلایــەن ٨٠٪ی گەلانــی عێراقــەوە دەنگــی ڕایفراندۆمــی بەدەســتهێنا. بــەڵام گرنگــە بگوتــرێ، لەبەرئــەوەی هەڵگــری زەینییەتــی (ململانێــی ســفرکردن)ەوە کــە دانوســتان نازانــێ و تەنیــا بــاوەڕی بــە کوشــتنی بەرامبەرەکانــی خــۆی هەیــە، مەحاڵــە ئــەوەی لــە تــرس و ناچاریــدا دەیســەلمێنێ لــە دواییــدا جێبەجێــی بــکات. بێگومــان هــەر واش دەرکــەوت؛ بەعســییەکان لــە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار پاشــگەزبوونەوە و جارێکــی دی بەربوونــەوە گیانــی کــورد و هەتــا گەیاندیانــە ئاســتی تەفروتوناکــردن، کوشــتن و بڕیــن و جینۆســاید و پاکتاوکــردن و تەعریــب و تەبعیــس و تەهجیر و کیمیابــاران و ئەنفال.....هتــد.

لەبــارەی ئــەو پاشــگەزبوونەوەی حزبــی بەعــس و دەرخســتنی ڕاســتیی ئــەو شــیکردنەوە تیۆرییــەی لەمــەڕ هەژموونــی فۆرمــی (ململانێــی ســفرکردنەوە) لــە وڵاتانــی عەرەبــی و جیهانــی ئیســلامی بــە گشــتی، ڕابــەری شۆڕشــی کوردســتان؛ (مــەلا مســتەفا بارزانــی) دەرهــەق بــە ڕێککەوتننامــەی ١١ی ئــادار دەفەرمــووێ: "دوای ئــەو ڕێککەوتننامەیــەی دانــی بــە ئۆتۆنۆمــی بــۆ گەلــی کــورد و خەباتــە بــێ وچانەکــەی دانــا لــە ١١ی ئــاداری ١٩٧٠. بــە ئەندامانــی لێژنــەی مەرکەزیــم گــوت: ئــاگادار بــن، ئێســتا بارودۆخەکــە لــە پێشــان مەترســیدارترە، جــاران بــە تــۆپ و تەیــارە بۆمبارانــی ئێمەیــان دەکــرد. بــەڵام ئەمــڕۆ بەبــێ ئــەوەی بیانبینیــن بۆمبامــان بەســەردا دەبارێنــن، دەبــێ زۆر وریــا بیــن و نەکەوینــە داوی ڕژێمــەوە، بۆیــە بێبــاك نەبــن و نەڵێــن تــازە

مافەکانـی خۆمـان بەدەسـتهێنا و هەمـوو شـتێك تـەواو. دەبـێ لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر چاوکـراوە بیـن بـۆ زانینـی نییـەت و مەرامەکانـی ڕژێـم، مـن خـۆم گومانـم لـەوە هەیـە ڕژێـم دادپـەروەر بـێ و قـەت لـەو بـاوەڕەدا نیـم بەڵێنەکانـی خـۆی بەجـێ بگەیەنـێ". ئاشـکرایە دواتـر چـی ڕوویـدا و چـۆن بەعسـییەکان مـەلای بۆمبڕێژکراویـان نـارد بـۆ تیرۆرکردنـی (مسـتەفا بارزانـی) کـە جەنابیـان بـە موعجیـزە لێـی دەربـاز بـوو.

بێگومـان دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقیـش بەهەمـان دەرد بـرا، دوای سـێزدە سـاڵ چاوەڕوانـی و هەتـا ئێسـتاش، ئـەو مافانـەی دوای مشـتومڕ و کێشمەکێشـی زۆر بـە گەلـی کوردسـتان ڕەوا بیـنران کـە لـە چەنـد ڕسـتەیەکی بـێ ڕۆح و گیـان لـە دووتوێـی چەنـد لاپەڕەیەکـدا بەنـاوی دەسـتوور تۆمـار و جێگیـر کـران، ئینجـا هـەر بەخۆیـان هـەر ڕۆژەی بـە بیانوویێـك لـە بەندێکـی پاشـگەز بوونـەوە. مـاددەی ١٤٠ ی کەرکـووك و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان و مافـی پێشـمەرگە و پرسـی یاسـای نەوت و گاز و هاوبەشـی و سـازان و هاوسـەنگی و مـاف و ئازادییـەکان و دەرنەچوواندنـی دەیـان یاسـا بـۆ تەواوکردنـی بـوون و سـەروەریی دەسـتوور، زیاتـر لـە ٥٠ مـاددەی دەسـتووریی هەمیشـەیی عێـراق لەلایـەن حوکمڕانانـی بەغـداوە پێشـێلکران. ئـەم چەنـد خاڵانەمـان وەك نموونـە بـۆ سرووشـتی ئـەو جـۆرەی ڕکەبـەر هێنایـەوە کـە گەلـی کوردسـتان ئەگـەر دەرفەتـی ژیانـی ئـازاد و نیشـتیمانێکی سـەربەخۆی نەبـێ؛ دەبـێ تـا سـەر مەحکـووم بـێ بـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ بەغدایـەك بـکات کـە سـووڕ دەزانـێ نـەك هـەر بەڵێنێکـی پـێ نییـە بـۆ بەجێگەیانـدن،

بەڵکو هەمیشە خۆی مەڵاسداوە بۆ پەلامارادان و قووتدانی کوردستان و تەواوی ئەو ماف و ئازادیانەی لە دەستووردا بە تێکڕای گەلانی عێراق دراوە، کە تا ئێستا هەر هەموو ئەمانەیان بە کردەنی ئەنجامداوە. وەك چۆن لە خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەریش تەڕ و وشکی کوردستانی گڕ تێبەردا و هەرچی دەستکەوتەکانی ئازادی و دیموکراسی و یاسا و دەستوور هەبوو خستیە ژێر پێی حەشدی شیعییەوە. ئەگەر نەعرەتەی شێرانەی پێشمەرگە گیانبازەکان لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە نەبوایە، ئەمڕۆ تایتلێك نەدەما بەناوی هەرێمی کوردستان و ئەو تاقە ڕۆشناییەی ژیاندۆستییش کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەبوو نوتەك و خامۆش دەبوو.

## پێشمەرگە... هێزێکی متمانەپێکراو

هــەر هێزێــك کــە (گیانــی لێبووردەیــی لەخوێن)یــدا نەبــێ و لەســەر ئاســتی ناوخۆیــی وەك قــەڵای بەرگریــکار نەبیــنرێ؛ هەرگیــز ناتوانــێ لــە دەرەوەی خۆیــدا ڕێزلێگیــراو بــێ و ئەوانــی دی متمانــەی پێبکــەن، بــەوەش وەك هێزێکــی ســەربازی ئــەو فاکتــەر و پایــە لەدەســت دەدات بتوانــێ جەنــگ بخاتــە خزمەتــی ئاشــتی و ئارامــی و دادپەروەرییــەوە. پێشــمەرگە کــە لەلایــەن گەلــی کوردســتانەوە خۆشەویســت و ڕێزلێگیــراوە، هێزێــك بــووە هەمیشــە جێــگای متمانــە، ئــەم خەســڵەت و شوناســەی پێشــمەرگە ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ بەرفــراوان بــوو، هەتــا ئــەو ڕادەیــەی تەنانــەت ئــەو جەمــاوەرەش بــە ڕێــز و متمانــەوە لێــی بڕوانــێ کــە دەیــان ســاڵە لەگــەڵ هێزەکەیــدا جەنــگاوە (جەمــاوەری بــەرەی نەیــار). هەمــوو هێزێــك ناتوانــێ ئــەم ســنوری مەحاڵــە ببــڕێ وەکچــۆن بینیــمان لــەداوی ٢٠٠٣ پێشــمەرگە بــووە ناوکــی پێکهێنــەر بــۆ ســەرلەنوێ بنیاتنانــەوەی ئــەو ســوپا و دامــەزراوە ســەربازییەی عێــراق کــە دەیــان ســاڵ ئەژنــۆی ڕووبەڕووبوونــەوەی پێشــمەرگەی کوردســتانی نەبــوو، خەڵکــی بەغــدا و ئــەو ناوچانــەی دەیــان و هــەزاران ڕۆڵەیــان لەســەر دەســتی پێشــمەرگە گیانیــان لەدەســتدابوو کاتــی ڕژێمــی بەعــس، کەچــی تەنیــا و تەنیــا متمانەیــان بــە پێشــمەرگە هەبــوو، هەمیشــە داوایــان دەکــرد پێشــمەرگە ئاشــتی و ئۆقرەییــان بــۆ دابیــن بــکات

و دامەزراوەکانــی بەغدایــان بــۆ بپارێزێــت.

هەڵبـەت ئـەو پێگەیـەی پێشـمەرگە بەدەسـتیهێناوە بـۆ ئـەو پرانسـیپ و ئەتیکـە بـەرزەی ڕەفتـار دەگەڕێتـەوە کـە سـاڵانێکە پێشـمەرگە لەسـەری پـەروەردە کـراوە و پێــی نــاسراوە. بێجگــە لــەوە گرتنەبــەری پرانســیپی (ناتوندوتیژیــی ســتراتیژ) لەلایــەن پێشــمەرگەی کوردســتانەوە ڕۆژ بــە ڕۆژ بـووە هـۆی ئـەوەی متمانـەی زیاتـری تەنانـەت جەمـاوەری بـەرەی نەیاریش بەدەسـتبێنێ. ئـەوە فەلسـەفە و پەیـڕەوی نەگـۆڕی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان بـووە کـە نابـێ پێشـمەرگە هەمـان شـێوازی قێزەونـی دوژمـن بگرێتەبــەر بــۆ بەرپەرچەدانــەوە و تۆڵەســەندنەوە.

(مســتەفا بارزانــی) ڕابــەری شۆڕشــی کوردســتان لەمبارەیــەوە دەڵــێ: "ســەددام حوســێن چەندیــن جــار پیلانــی داڕێــژا بــۆ ئــەوەی بمکــوژێ، کوردیــش دەیتوانــی ســزای بــدات و لــە کاتــی ســەردانی بــۆ کوردســتان هەلیکۆپتەرەکـەی بخەنـە خـوارەوە، بـەڵام کـورد کارێکـی لەمجـۆرە نـاکات، لەبــەر ئــەوەی ئەخلاقــی کوردانــە قبووڵــی خیانــەت نــاکات".

بێجگـە لـەوە، سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان چەندیـن هەڵوێسـتی بــەرزی جوامێرانــە و بــەرزی مرۆڤانــەی پیشــانی عێــراق داوە، بــەڵام ئەفســووس! عێراقــی عەرەبــی و جەوهــەری بیرکردنــەوەی حوکمڕانانــی بەغـدا هەرگیـز بەرامبـەر کـورد و کوردسـتان گۆڕانـی بەسـەردا نەهـات بـە ئێستاشــەوە.

لـە جەنگـی شـەش ڕۆژەی حوزەیرانـی ١٩٦٧ی نێوان عـەرەب و ئیسرائیل، (مسـتەفا بارزانـی) ئاگربەسـتی ڕاگەیانـد و فەرمانـی بە هێزەکانی پێشـمەرگە

کـرد بـە هیـچ شـێوەیەك تەقـە لـە سـوپای عێـراق نەکـەن، بروسـکەی بـۆ بەغـدا نـارد بـۆ ئـەوەی سـوپاکەی خـۆی لـە کوردسـتان بکشـێنێتەوە و بـەرەو فەلەسـتین بـڕوا بـۆ بەرگرییکـردن لـە فەلەسـتینییەکان.

ئەمــە فەلســەفەی شۆڕشــی کوردســتان بــووە بــە درێژایــی ســاڵانی خەبــات و تێکۆشــان، هەمیشــە دوور بــووە لــە گرتنەبــەری توندوتیژیــی، بــە ئامانجــی کەمکردنــەوەی ســتەم و چەوســانەوە و بنیاتنانــی کەلتــووری ئاشــتی، کــە بەبــێ لێبوردەیــی (تۆلێرانــس) و (ناتوندوتیژیــی ســتراتیژی)؛ مەحاڵــە ئــەو ئامانجــە ســەنگینە دەســتەبەر ببــێ. بێگومــان دانیشــتووانی سـڤیل وەڵامگـۆی ئـەو ڕاسـتییەن لـە هـەر بەرەیەکـدا بـن، ئـەوان دواجـار حوکمـی کۆتایـی دەدەن کـە کامـە شـۆڕش و هێـز و بزووتنـەوە لـە پێنـاو ئاشــتی و ئاشــتەواییدا تێکۆشــاوە.

لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا ئـەم ڕاسـتییە بـە ڕوون و ئاشـکرایی دەرهەق بـە پێشـمەرگەی کوردسـتان دەرکـەوت، کریسـتیانەکانی عێـراق بـە گشـتی و دەشـتی نەینـەوا بـە تایبەتـی و هـۆز و هاووڵاتییـە عەرەبـە سوننەکانی مووســڵ و ئەنبــار و ســەڵاحەددین و بەغــدا و فەللوجــە و کەرکــووك و دیـالا و گشـت ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق گەواهـی ئـەو ڕاسـتییە دەدەن و هەمیشـە داوایـان کـردووە پێشـمەرگە پارێزگارییـان لـێ بـکات و هەمیشـە گوتویانــە، ئــەوان تەنیــا بــە بوونــی هێزەکانــی پێشــمەرگە هەســت بــە ئارامـی و دڵنیایـی دەکـەن.

پێچەوانـەی ئـەو دیمەنـەش، بڕوانەهاتـن و دڵنیانەبوونـی کریسـتیانەکان و دانیشـتوانی سـڤیلە بـە گشـتی لـە دۆخـی ئەمنیـی ناوچەکانیـان سـەرەڕای

نەمانــی داعــش لــە دەشــتی نەینــەوا، لەمبارەیــەوە تــۆڕی (ڕووســیای ئەمــڕۆ) لــە ناوەڕاســتی گەلاوێــژی ٢٠١٨ ڕاپۆرتێکــی بڵاوکردۆتــەوە و تێیــدا هاتــووە کــە بەهــۆی شــەڕی داعــش ١٥٠٠٠٠ ســەت و پەنجــا هــەزار کــەس لــە دانیشــتوانی دەشــتی نەینــەوا مــاڵ و حاڵــی خۆیــان بەجێهێشــت و زۆربەیــان ڕوویــان لــە هەرێمــی کوردســتان کــرد لەبەرئــەوەی ناوچەیەکــی ئــارام و ســەقامگیرە، بــەڵام ســەرەڕای نەمانــی داعــش، بــە پێــی ئــەو ڕاپۆرتــە هەتــا ئێســتا بــە تەنیــا نزیکــەی ٥٥ پەنجــا و پێنــج هــەزار کــەس لــەو ژمــارەی ئاوارانــە گەڕاونەتــەوە، ئەویــش بەهــۆی ئــەوەی وەك یەکێــك لــەو ئافرەتــە کریســتیانەی دەشــتی نەینــەوا قســەی بــۆ تــۆڕی ناوبــراو کــردووە "ئێســتا ژن و خێزانــی کریســتیان ناوێــرن بگەڕێنــەوە نــەك ئــەوەی دەســتدرێژی و پێشــێلکارییان لــەدژدا بکــرێ". هــاوکات ئەوەیــان گوتــووە، بارودۆخیــان لــە کوردســتان زۆر ئاســاییە و پێیــان باشــترە پەلــە نەکــەن لــە گەڕانــەوە، لەبەرئــەوەی لــە مــاوەی ڕابــردوودا کاتــێ حەشــدی شــەعبی هاتــە ناوچەکانیــان کێشــە و نەهامەتــی زۆریــان چەشــت و حاڵەتــی دەســتدرێژی و هەراســانکردن ڕوویــدا دەرهــەق بــە ئافــرەت و خێزانەکانیــان.

بەهــۆی کەلتــووری لێبوردەیــی و پێکەوەژیــان و یەکترقبووڵکــردن و ڕێزگرتــن لــە جیاوازیــی، کــە شۆڕشــی کوردســتان هەمیشــە جەختــی لەســەر کــردووە و پێشــمەرگەی کوردســتان و تــەواوی کوردســتانیان بــە کردەنــی و پراکتیــك لــە مەیــدان جێبەجێیــان کــردووە، دەبینیــن ئــەوەی لــە کوردســتان دەگــوزەرێ تــەواو لــەوەی عێراقــی عەرەبــی جیــاوازە. مەهاتمــا غانــدی دەڵێ: "شۆڕشــی ناتوندوتیــژ تەنیــا پەیڕەوێــك نییــە بــۆ گەیشــتن بــە دەســەڵات،

بەڵکـو بەرنامەیەکـە بـە ئامانجـی گۆڕینـی پەیوەندییـەکان، ئامانـج لەناوبردنـی نەیـار و ڕکەبـەر نییـە، بەڵکـو بەدەسـتهێنانی تێگەیشـتنێك و فەراهەمکردنـی هاوسـانییەکی سیاسـییە".

گرنگـە بگوتـرێ کـە ناتوندوتیژیـی سـتراتیژی (ئـەوەی شۆڕشـی کوردسـتان پەیـڕەوی کـردووە و تـا ئێسـتاش لەلایـەن پێشـمەرگەوە بەردەوامـە)، میکانیزمێـك دەسـتەبەر دەکا بـۆ بەدیهێنانـی یەکسـانییەکی مـەزن و فراوانـتر، هەڵبـەت ئەویـش لـە میانـی ململانـێ لـە پێنـاو ڕزگاربـوون لـە چەوسـانەوە. کوردسـتان هەتـا ئاسـتێکی بـاش توانیویەتـی ئـەو فۆرمـی پەیوەندییانـەی (غانـدی) باسـی دەکا بگـۆڕێ و بەشـێوەیەك ڕێکـی بخاتـەوە هەمـووان لێـی سـوودمەند بـن، یـان هـەر هیـچ نەبـێ کوردسـتان لـە ڕێگـەی ڕەفتـاری بـەرزی پێشـمەرگەکانییەوە توانیویەتـی پەیامێکـی بـاش و دڵنیاکـەرەوە بـۆ ئـەو پێکهاتانـە بنێـرێ کـە لەسـەر هەمـان ئـەو سـەرزەمینەی ئـازادی لەگـەڵ کوردسـتانیان دەژیـن یـان ئەمـڕۆ لەگەڵیـدا هاوسـنوورن و لـە ئاینـدە دەبنـە دراوسـێ.

لەمبارەیـەوە لێکدانەوەیەکـی بیریـاران هەیـە دەڵـێ: "ئامـرازی ناتوندوتیـژی دیموکراسـیانە؛ هەمیشـە بەرهـەم و عاقیبەتـی دیموکراسـیانەی زۆرتـری بـەدواوە بـووە". ڕابـەری شۆڕشـی کوردسـتان (بارزانـی مـەزن) یـش دەڵـێ: "ئێمـە لەگـەڵ دیموکراتییـەت و ئاشـتیداین، هـەر شـۆڕش و بزووتنەوەیـەك لـە جیهانـدا بـۆ بەرژەوەنـدی گەلـە، بزووتنەوەکـەی ئێمـەش بزووتنەوەیەکـی مرۆڤایەتـی و ڕزگاریخوازیـی و ئەخلاقییـە بـۆ بەرژەوەنـدی تـەواوی عێـراق، ئێمـە لـەم شۆڕشـەی خۆمانـدا بەرژەوەنـدی عێراقـمان

دەوێ، یەکـەم جـار بـۆ عەرەبـەکان دووەم جـار بـۆ کـورد و ئینجـا بـۆ گشـت پێکهاتــەکان لــە تورکــمان و ئاشــووری و ئەرمــەن و ســەرجەم عێراقییــە شــەرەفمەندەکان".

لەســەر ئاســتی ناوەخـۆی هەرێمــی کوردســتانیش؛ پەیامــی ڕاشــکاوی کوردســتان بــۆ پێکەوەژیــان و بەشــداریی ڕاســتەقینەی پێکهاتــەکان لــە ئیدارەدانــی ئاینــدەی سیاســی نیشــتیمان؛ ئـەو ڕەشنووســی پەیمانــەی لێژنەی بـاڵای ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوو، کـە تێیـدا بـە ئاشـکرایی ئـەو پرانسـیپە نەگـۆڕەی شـۆڕش و گـەل و سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بەدیکـرا و ئاڕاسـتەی داڕێژەرانـی دەسـتووری (کۆمـاری فیدراڵـی کوردسـتان) کـرا، لــەو پەیمانــە مێژووییــەدا بــە ڕوونــی مافــی هەرێمــی فیدراڵــی بــە پێکهاتەکانــی کوردســتان جەختــی لەســەر کراوەتــەوە.

بەڵــێ؛ ئــەم هەســت و هەڵوێســت و کەلتــووره بــەرزەی لێبوردەییــە لای گەلــی کوردســتان و پێشــمەرگەی کوردســتان بــووە مایــەی دڵنیایــی و متمانــەی پێکهاتەکانــی کوردســتان و عێـراق بـەو پێکەوەژیانـەی کوردسـتان و ڕۆڵــی ژیاندۆســتانەی پێشــمەرگە.

## پێشمەرگە... گۆڕینی چەمکی سەروەریی

پێشـمەرگە؛ بـۆ مانـەوە و ئـازادی و سـەرخۆبوون نوێنەرایەتـی هێـز و پێداگریـی نەتەوەیـەك دەكا. هـاوكات لـە سـەنگەری بەرگریكـرن لـە پەیـام و بەهـا بەرزەكانـی مرۆڤایەتـی ئامـادەی هەمـوو قوربانیدانێكـە. بۆیـە دوای دەیـان سـاڵ تێكۆشـان دژ بـە ڕژێمـی دكتاتۆریەتـی بەغـدا، ئـەو جـەور و ستەمە دڕندانەیـەی بەعسـی فاشـی نەیتوانـی لەسەرتاسـەری عێـراق بێجگـە لـە پێشـمەرگە هیـچ هێزێكـی دیكـەی ڕەسـەن و خـاوەن دۆز و ئیـرادە وەك ئۆپۆزسـیۆن بێنێتـە ئـاراوە. ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ٢٠٠٣ هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمـی سـەددام بـە سـەركردایەتی ویلایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمەریـكا؛ هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتانی وەك بەشـێك لـەو هێـزەی خـۆی پەسـند كـرد و تـا ڕۆژی ٩ی نیسـان كـە پەیكـەری سـەددامی دكتاتـۆر لـە گۆڕەپانـی فیـردەوس لـە بەغـدا پارچـە پارچـە كـرا؛ پێشـمەرگە خوێـن و قوربانیـی زۆریـدا لـە پرۆسـەی ئـازادی عێـراق. لـە ڕۆژانـی ئەنجومەنـی حوكـم لـە بەغـدا و هاتنەسـەركاری (پـۆل بریمـەر)ی فەرمانـڕەوای مەدەنـی ئەمریكـی لـە بەغـدا، سـوپای عێـراق هەڵوەشـایەوە و ئەوسـا هیـچ كام لـە هێـزە شـیعەكان ئامـادە نەبـوون و بوێـری ئەوەیـان نەبـوو بێنـە پێشـەوە و هێزێـك بـۆ ئـەو وڵاتـە بنیـات بنێـن (عێـراق) كـە چەندیـن سـاڵ گوایـە خەباتیـان لـە پێنـاودا كـردووە و دوای ڕووخانـی

بەعسیش چەندین ساڵ بێهوودە لە ڕاگەیاندنەکان بە (عێراقی نوێ) ناوبرا. دواجار ئەگەر پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە کە دەستپێشخەری کرد و هاتە پێشەوە و دوو لیوای خۆی کردە هەوێن و سەرەتای سەرلەنوێ دامەزراندنی سوپای نوێی عێراق، ئەگینا شیعەکان ئەوسا لەبەر هەر هۆکارێك نەهاتنە پێشەوە!!!.

پێشمەرگەی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ دامەزراوە شەرعییەکانی بەغدای پاراست، چەندین جار بە هانای هێزەکانی عێراقەوە چوو و لەناو گەڕەکەکانی بەغدا دژ بە گرووپە تیرۆریست و توندئاژۆکان جەنگا و دەیان کوڕی ئازا و بەجەرگی بوونە جانگۆریی ئازادی و پاراستنی ئۆقرەیی لە عێراقی بەناو نوێ. لە دوای ٢٠٠٥ کە دەستووری هەمیشەیی عێراق لەلایەن گەلانی عێراقەوە پەسندکرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان (پاسەوانی هەرێم)لە دەستووردا دانی پێدا نرا، بەڵام لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەقڵییەتی شۆڤێنی لە بەغدا نەك هەر بوونی گەلی کوردستان و ناوی پێشمەرگەی پێ هەرس ناکرێ، بەڵکو بە هەموو هێزی خۆی ڕێگا نادا عێراق لە کاکڵە تۆتاڵخوازەکەی خۆی ڕزگاری بێ و تەنانەت ناهێڵێ هەرێمێکی فیدراڵی لە باشووری عێراقیش دروست بێ. بەغدا هەموو ساڵێك بە نووسینی ڕستەیەك مافی پێشمەرگە لە (مووچە و پڕچەککردن و دابینکردنی پێداویستی) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی جێگیر دەکات و هەتا ئێستا یەك دینار و یەك فیشەکیشی بۆ پێشمەرگە نەناردووە، بێجگە لەوە؛ لە ڕۆژانی شەڕی داعش کە پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی دانپێدانراوی چوارچێوەی هاوپەیمانی

نێودەوڵەتـی جەنگـی دژ بـە دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام (داعـش)ە؛ کەچـی بەغـدا ڕێـگای نـەدا تەنانـەت ئـەو چـەك و کۆمەکـە سـەربازیانەش بگەنـە کوردسـتان و دەسـتی پێشـمەرگە کـە وڵاتانـی ئەنـدام لـە هاوپەیمانـی جەنگـی دژ بـە داعـش دەیاننـارد، سـەرەتا حوکمڕانانـی بەغـدا سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی دەبـێ فڕۆکـە بارهەڵگـرەکان لـە بەغـدا بنیشـنەوە و بپشـکنرێن ئینجـا بـەرەو هەولێـر بێـن، دواجـار هـەر ڕێگایـان نـەدا و چەکەکانیشـیان لای خۆیـان گلدایـەوە.

بەغـدا هەتـا ئێسـتا توانیویەتـی یـاری بـە دەسـتەواژە یاسـایی و دەسـتوورییەکان بـکا و وەك خـۆی بیـەوێ شـیکردنەوەیان بـۆ بـکا، ڕۆژێـك پێشـمەرگە بکاتـە بەشـێك لـە سسـتمی بەرگریـی و ڕۆژی دواتـر بەشـێك لـە سسـتمی ئەمنـی و تەناهـی، بـەڵام ئـەوەی نەیتوانـی و ناتوانـێ بیـکات شـاردنەوە و بچووککردنـەوەی نـاو و شـکۆ و مێـژووی پـڕ سـەروەریی پێشـمەرگەی کوردسـتانە کـە توانـی گشـت پیلانـە گڵاوەکان ڕابگـرێ و ئیـرادەی نەتەوەیـی گەلـی کوردسـتانیش بپارێـزێ. بۆیـە ئەمـڕۆ بەغـدا بەلایـەوە ئاسـاییە لافـی یەکێتـی خاکـی عێـراق و سـەروەریی عێـراق لـێ بـدا، هـاوکات قبووڵـی ئـەوەش بـکات هێزێکـی دانپێدانـراوی دەسـتووری خـۆی مووچـەی لـە ئەمەریـکاوە بـۆ دابیـن بکـرێ و چـەك و جبەخانـەی لـە وڵاتانـەوە بـۆ بـێ و وەزیـری بەرگریـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا میدالیـای ئازایەتـی ببەخشـێتە پێشـمەرگەی کوردسـتان!!!.

بەغـدا کـە دژایەتـی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەکات دەزانـێ پێشـمەرگە پارێـزەری ئازادییـە، دژایەتیکردنـی پێشـمەرگە لەبنەڕەتـدا دژایەتیکردنـی

ئـازادی و دیموکراسـییە، ئینجـا دژایەتیکردنـی کوردستانیشـە. پێشـمەرگە ئـەو هێزەیـە دەتوانـێ لـە مەیدانـدا ئـەوە جێبەجـێ بـکات کـە لـە سیاسـەتدا بـەدی نایـەت، یـان لـە مەیدانـدا ئـەوە بەدەسـت بهێنێتـەوە کـە لـە سیاسـەتدا لەدەسـتدراوە. پێشـمەرگە بـە ڕوون و ئاشـکرایی ڕەوایـی مافـی گەلـی کوردسـتانی لـە بڕیـاری ئازادانـەی سـەربەخۆیی بـە جیهانـی ئـازاد ڕاگەیانـد.. لـە سـێ سـاڵی جەنگـی پڕووکێنـەری دژ بـە داعـش بـە بیـر هەمووانـی هێنایـەوە کـە هێـز و ئیـرادەی پێشـمەرگە لـە هێـز و ئیـرادەی نەتەوەیـەك سـەرچاوەیان گرتـووە و مەحاڵـە ئـەو هێـزە لەنـاو بچـێ کـە بەرگریـی لـە دۆزێکـی ڕەوا بـکا.

دەتوانیـن بـە ڕاشـکاوی ڕایبگەیەنیـن؛ تێکۆشـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەرخـەری ڕاسـتی و ڕەوایـی دۆزی نەتەوەیەکـە دەیـان سـاڵە دەچەوسـێنرێتەوە و مافـی زەوت دەکـرێ، بـەڵام ئەمـڕۆ جـۆری مامەڵەکردنی نەیـاران دژ بـە پێشـمەرگە؛ ڕقـی ڕاسـتەقینەی ئـەو لایەنانـە بەدیـار دەخـا کـە چەنـد سەرسـەختانە دژ بـە مافـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان دەجەنگن، تەنانـەت ئەگـەر لـە دەستووریشـدا نووسرابێتـەوە. بەغـدا ئەگـەر لەسـاڵی ٢٠١٤ مووچـە و بودجـەی گەلـی کوردسـتانی بڕیـێ، دەبـێ ئەوەمـان لـە بیر بـێ کـە بەغـدا هـەر لەسـەرەتاوە ڕازی نەبـووە پێشـمەرگە مووچـەی هەبـێ، پێشـمەرگە تاقـە هێـزە هەتـا ئێسـتا مووچـەی لـە بەغـدا وەرنەگرتـووە.

## پێشمەرگە... خاوەنی ئیرادە

سەرلێشێواوی حوکمڕانانی بەغدا بەداخەوە هەموو سنوورێکی یاسایی و ئەخلاقی بەزاندووە، بە جۆرێك هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە چ هەڵەیەك دەکەن، گرنگ ئەوەیە کارێك بکەن گەورەیی پێشمەرگە لە ئاوێنە بچووکەکەی خۆیان پیشان بدەن. بۆ ئەوەی دڵیان ئاو بخواتەوە لەو شەڕە دەروونییەی خۆیان بەردەوامن دژ بە گەورەترین سەروەریەکانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان کە ناوی پێشمەرگەیە، دەنا ئەوە ئاشکرایە بەغدا هەرگیز نایەوێ پێشمەرگە بەشێك بێ لە سستم و دامەزراوەی بەرگریی عێراق، هەمیشە بە ڕستە و دارشتن و دەستەواژە وای پیشان دەدات و کار بۆ ئەوە دەکات بە کردەنی پێشمەرگە دامەزراوەیەکی تەریك و کەمبایەخی ئەمنی بێ لە چوارچێوەی سستمی ئەمنی عێراق. ئەگەرنا؛ چۆن دەبێ پێشمەرگە بەشێك بێ لە دامەزراوەی ئەمنیی عێراق (وەك خۆیان دەڵێن) و هاوکات مووچەی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆ تەرخان بکرێ!!، ڕوودانی هاودژیی سەیر و سەمەرەی لەمجۆرە لە (عێراقی نوێ!)دا شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە ئەگەر پێشمەرگە بەشێك بێ لە دامەزراوەی گەشتوگوزاریی عێراقیش!؛ بەغدا هەرگیز ئامادە نییە یەك دینار مووچە بداتە پێشمەرگەی کوردستان. لەم بەراوردکاریەدا؛ کۆمیدیای ڕەشی یاسایی و دەستووریی

عێراقـی دوای دکتاتۆرییـەت بەدیـار دەکـەوێ:

لـە بڕگـەی پێنجەمی مادده (١٧)ی یاسـای بودجەی فیدراڵی سـاڵی دارایی ٢٠٠٧دا نووسراوە: "ڕێککەوتنێك لە نێوان سـەرۆکوەزیران و سـەرۆکی هەرێم دەکـرێ لەبـارەی خەرجـی و پڕچەککـردن و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی پاسـەوانی هەرێـم وەك بەشـێك لـە سسـتمی بەرگریـی عێراقـی".

لـە یاسـای بودجـەی فیدراڵـی سـاڵی دارایـی ٢٠١٨دا شـتێکی تـەواو پێچەوانـە نـووسراوە، عێـراق هەمـان عێراقـی نوێیـە! دەسـتوور یـەك حەرفیشـی لـێ هەمـوار نەکراوەتـەوە! بـەڵام یـەك شـت گـۆڕاوە؛ ئەویـش ئەوەیـە کـە ١٦ی ئۆکتۆبـەر ڕوویـداوە و ئـەو هێـزە عەرەبییـە عێراقیانـەی گوایـە جـاران بـەر لـە ٢٠٠٣ لـە ترسـی ڕژێمـی دکتاتـۆری و شـموولی و شـۆڤێنی بەعـس خەباتیـان کردبـوو، ئەمـڕۆ هەمـان ئـەو هێزانـە دوای ئـەوەی هاتنـە سـەر سـفرەی ڕازاوە لـە گشـت بەڵێنـی خۆیـان و لـە ناوەڕۆکـی دەسـتوور و تـەواوی ڕێککەوتنـەکان پاشـگەزبوونەتەوە و ڕقیـان لـە دیموکراسیەت هەستاوە و نایانـەوێ عێـراق ئیتیحـادی بـێ، پێیـان خۆش نییـە پێکهاتەکانـی وڵات ڕیفرانـدۆم بـۆ لاوەکیترین پـرس بکـەن و بـە هیـچ شـێوەیەك حەزیـان لـە وشـەی ئـازادی نییـە. بۆیـە یاسـادانەرە دلێرەکانیـان دوای ئـەوەی خەریـك بـوو یاسـاڕێژی بـۆ بەشـوودانی کچـی نـۆ سـاڵانیش بکـەن! ئەمجارەیـان ویسـتیان داهێنانێکـی نـوێ ئەنجـام بـدەن و بـە باشـیان زانـی مافەکانـی پێشـمەرگە لـە یاسـای بودجـە بـەم شـێوەیە بـێ:

لـە بڕگـەی (ب)ی مـاددەی (١٠)ی یاسـای بودجـەی فیدراڵـی سـاڵی دارایـی ٢٠١٨دا هاتـووە "ڕێژەیـەك لـە تەرخانکراوەکانی هێزە وشـکانییەکانی

ئیتیحـادی سـوپای عێـراق بـۆ مووچـەی هێزەکانـی پێشـمەرگە تەرخـان دەکـرێ، ئەویـش بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕێـژەی دانیشـتوانی ئـەو هێزانـەی ناوبـراو کـە بەشـێکە لـە دامـەزراوەی ئەمنیـی عێراقـی".

لـە دیـدی حوکمڕانانـی بەغـداوە زۆر ئاسـاییە پێشـمەرگە جارێـك بەشـێك بـێ لـە (مەنزومـەی بەرگریـی)! و جارێکیـان بکرێتـە بەشـێك لـە (مەنزومـەی ئەمنیـی)!! وەك تەبدیـل جەوێکیـش وایـە بـۆ فەرمانبەرانـی وەزارەتـی دارایـی!!!. بەغـدا و فوقەهاکانـی بەغـدا بـا ئـازاد بـن لـەوەی چ دەنووسـن و نـاوی پێشـمەرگە بـە چ شـێوەیەك و سـەر بـە چ مەنزومەیـەك و لـە چ مـاددە و بڕگەیەکـدا دایدەنێـن، قوربانییەکانـی گەلـی کوردسـتان و خوێنـی ئاڵـی پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کـورد و کوردسـتان پێویسـتیان بـەو بەنـد و بڕگانـەی ئـەوان نییـە. پێشـمەرگە خاوەنـی مەنزومـەی شـکۆی نەتەوەیـە، پێشـمەرگە هێـز و شوناسـی مەنزومـەی ویسـت و ئیـرادەی پۆڵاینـی سـەرجەم کوردسـتانیانە بـە گشـت پێکهاتەکانییـەوە. پێشـمەرگە بـە مەزنـی و خۆڕاگریـی خـۆی گـەل و خاکـی کوردسـتان دەپارێـزێ و دوور بـێ یـان نزیـك ئـەو چەمکـە درۆزنەیـەش بەتـاڵ دەکاتـەوە کـە عێراقـی کۆنـی (بەنـاو نـوێ) لـە ژێـر دروشـمی سـەروەریی و یەکێتـی خاکـی نیشـتیمان درێـژە بـە زنجیـرەی سـتەمکاریی شـۆڤێنیانە و کۆنەپارێزیانـەی عەرەبـی خـۆی دژ بـە گەلـی کوردسـتان دەدات.

## پێشمەرگە... دەنگی تایبەتی نەتەوەیەك

داستانی پڕ سەروەریی و قارەمانێتی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە لە ڕۆژانی سەختی دوای خیانەتکارە ڕەشەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر؛ ئەو کەس و لایەنانەی تووشی شۆك کرد؛ کە پێشمەرگە ڕێگای نەدا ئامانجە نەگریسەکانی بەغدا و دەستوپێوەندەکانی و ئەوانەی لەپشت نەخشە گڵاوەکەوەبوون بێنە دی. لە گشت ئەو وەرزی خەزانەی نەیاران بەسەر گەلی کوردستاندا دەیهێنن، هەمیشە پێشمەرگە تاقە چرۆ سەوزەکەی هیوایە بۆ گەشبوونەوەی ئیرادەی نەتەوە، هەمیشە پێشمەرگە بانگهەڵدێری زیندوومانەوەی ئومێد و ڕۆشناییە لە نێو جەنگەڵستانی ستەم و زوڵمەتی ستەمکاران.

ئەمجارەیان بیریان لە کەلێنێکی دی کردەوە کە بۆ گورز وەشاندن لە کوردستان دزە لێ بکەن، ئەمەش درێژەپێدانی هەمان زنجیرەی خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، هیچیان شك نەبرد؛ دەستیان بۆ دەنگی پێشمەرگە برد. لەبەرئەوەی نەیارانی گەلی کوردستان هەستیان کرد، ئەمجارەش پێشمەرگە هاوشێوەی بەرەکانی جەنگ؛ لە دەنگدانیشدا داستانی تۆمار کرد، ویستیان لە ڕێگەی گومانخستنە سەر پاکی و بێگەردیی دەنگەکانی پێشمەرگە لە پێگەی کوردستان بدەن، ئەوە بوو بەغدا بە هەموو توانای خۆیەوە لەگەڵ چەند لایەنێکی هاوئاوازی

خـۆی لـە کوردسـتان کەوتنـە مقـۆ مقـۆ، چـۆن بتوانـن ئـەو سـەرکەوتنەی کوردسـتان لەکـەدار بکـەن.

ڕاسـتە هێنانـی ئامێـری نوێ بـۆ هەڵبژارنـە گشـتییەکەی عێـراق کۆمەڵێك کێشـەی تەکنیکـی دروسـت کـرد بـوو و ببـووە هـۆی ئـەوەی خەڵکانێـك لـە دەرەوە و لـەولا و لەمـلا دەرفـەت بێنـن ساختەکاریی ئەنجـام بـدەن، بـەڵام ئـەو پرسـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە نییـە.

هــەر لەســەرەتاوە ئەنجومەنــی نوێنەرانــی عێــراق خــۆی بــۆ نەگیــرا و چاوەڕێــی لایــەن و دامــەزراوە پەیوەندیدارەکانــی وڵاتیشــی نەکــرد و هاتــە نــاو پرســەکەوە، تەنانــەت چاوەڕێــی ئەنجامــی کاری ئــەو لێژنــە باڵایــەی حکوومەتــی بەغــدای نەکــرد کــە بــۆ بەدواداچوونــی ڕاســتییەکان و شــیکردنەوەی بەڵگــەی تایبــەت بــە ســاختەکاریی لــە هەڵبژاردنــەکان پێکیهێنــا بــوو (ســەرەڕای ئــەوەی کارێکــی لەمجــۆرە ئەرکــی هیــچ کام لــەو دوو دامــەزراوە نییــە)، ئــەوە بــوو لــە ڕۆژی ٢٨ی ئایــاری ٢٠١٨ بــە ئامادەبوونــی ١٦٨ ئەنــدام، ئەنجومــەن دەنگــی لەســەر بڕیارێکــدا و تێیــدا وێـڕای گومانخسـتنە سـەر تـەواوی ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان، لـە بەیاننامەی خۆیـدا بـە ڕاشـکاویی داوای هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی لــە گشــت پارێزگاکانــی هەرێمــی کوردســتان کــردووە.

لــە ڕۆژی ٢٩ی ئایــاری ٢٠١٨ لیژنــەی بــاڵای حکوومەتــی بەغــدا کارەکانــی خــۆی تــەواو دەکات و کۆنووســی شــیکردنەوە و ڕاســپاردەکانی خــۆی ئاڕاســتەی ئەنجومەنــی وەزیــران دەکات. لــە دەق و ناوەڕۆکــی ئــەو کۆنووســەدا هیــچ ئاماژەیــەك بــە بوونــی ســاختەکاری لــە هەرێمــی

کوردســتان و دەنگدانــی تایبەتــی کوردســتان نییــە.

لـە ڕۆژی ٥ی حوزەیرانـی ٢٠١٨ ئەنجومەنـی وەزیـران بـە سـەرۆکایەتی حەیـدەر عەبـادی کۆدەبێتـەوە و ڕاسـپاردەکانی لیژنـەی بـاڵا پەسـند دەکـەن کـە لەوێـش نـاوی هەرێمـی کوردسـتان و سـاختەکاری دەنگدانـی تایبەتـی کوردســتان نەهاتــووە. لــە هەمــان ڕۆژ (٥ی ئایــار) ســەرۆکی لایەنێکــی سیاســی هەرێمــی کوردســتان ســەردانی عەبــادی دەکات و بــاس لــە پێشـێلکاریەکانی هەڵبـژاردن دەکـەن و پشـتگیریی خـۆی بـۆ ئـەو بڕیـارەی حکوومـەت و ڕاسـپاردەکانی لێژنـەی بـاڵا دەخاتـەڕوو.

لــە ڕۆژی ٦ی حوزەیرانــی ٢٠١٨ ئەنجومەنــی نوێنەرانــی عێــراق بــە ئامادەبوونــی ١٧٣ ئەنــدام دەنــگ بــۆ ســێیەمین هەمــواری یاســای هەڵبژاردنەکانــی ئەنجومەنــی نوێنــەران ژمــارە (٤٥)ی ســاڵی ٢٠١٣ دەدات، هەروەهــا دەقــی کۆنووســی ئــەو ڕاسپاردانەشــی پەســند کــرد کــە لەلایــەن ســەرۆکایەتی ئەنجومەنــی وەزیرانــەوە بــۆی ڕەوانــە کرابــوو، ئــەوە بــوو بــە پێــی مــاددەی ســێیەمی یاســای هەموارکــراو ئــەو ڕســتەیە جێگیــر کــرا کــە ئەنجامــی "هەڵبژاردنەکانــی دەنگدانــی تایبــەت لــە هەرێمــی کوردســتان هەڵدەوەشــێتەوە".

هــەر لــە پەراوێــزی ئــەو نیگەرانیانــەی لــە بڕیارەکــەی ئەنجومەنــی نوێنەرانـی بەغـدا و هەمـواری یاسـای هەڵبژاردنـەکان هاتەکایـەوە، باڵیـۆزی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا (دۆگلاس سـیلیمان) سـەردانی جەنابـی سـەرۆك مەسـعود بارزانـی کـرد و لـە دیـداری نێوانیانـدا تاوتوێـی بارودۆخی سیاسـی عێـراق و ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان و چەندیـن پرسـی دیکـە کـران.

جەنابی سەرۆك بارزانی بە ڕاشکاویی بە باڵیۆزی ئەمەریکای ڕاگەیاند، گەلی کوردستان بە هیچ شێوەیەك قبووڵ ناکات (دەنگدانی تایبەتی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و دەنگی ئاوارەی کوردانی ئێزدی) پووچەڵ بکرێنەوە.

هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٨ هەڵوێستی خۆی دەربڕی و ئەو بڕیار و هەمواری یاسایەی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغداوە ڕەتکردەوە و پووچەڵکردنەوەی دەنگی پێشمەرگە و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی وەك پێشێلکاریی دەستووری و پیلانی سیاسی دژ بە گەلی کوردستان و پرۆسەی دیموکراسی لەقەڵەمدا. بە هەمان شێوە وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە سەرەکیەکانی کوردستان (هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە هاوبەشی) ئەو بڕیارەی بەغدایان بە پیلان دژ بە پێشمەرگە و گەلی کوردستان وەسف کرد کە ناکرێ مافێکی دەستووری لە پێشمەرگەی کوردستان بسەندرێتەوە. زۆر بەداخەوە لایەنی سیاسییش هەبوون لە کوردستان خۆیان بەشێك بوون لە جووڵاندنی بێزووی دێرینی نەیارانی گەلی کوردستان کە هەمیشە دڵیان بۆ نانەوەی ئاشووب و تەفرەقە و پیلانگێڕیی و لەکەدارکردنی شکۆی کورد و کوردستان لێیداوە، وەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ناپاکی دژ بە گەل و نیشتیمان کرا، ئەمجارەیان دەرهەق بە دەنگی پێشمەرگەش هەمان ناپاکی دووبارە کرایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دی. سێ لایەنی سیاسی؛ بەداخەوە کوردستانیی (بە دیاریکراوی و بێشەرمانە) دنەی

شـۆڤینییە عەرەبەکانیـان دا لـە بەغـدا ( لـە هـەردوو ئەنجومەنـی نوێنـەران و وەزیـران) و وەك مـەرج داوای پووچەڵکردنـەوەی ئەنجامەکانـی دەنگدانی تایبەتـی کوردسـتانیان کـرد لــە بەرامبــەر ئامادەبوونیــان و تەواوکردنــی نیسـابی یاسـایی دانیشـتنە تایبەتەکـەی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی بەغـدا بـۆ هەموارکردنـی یاسـای هەڵبژاردنـەکان.

زۆر بەداخـەوە ئـەو نوێنـەرە بەنـاو کوردانـە دەنگیان لە دژی پێشـمەرگە و کوردسـتان دا، ئــەو سـتەم و کوشــت و بــڕ و تاڵانکاریــەی حەشــدی شــەعبییان لــە خانەقیــن و دووز و داقــووق و کەرکــووك بیرچــووەوە کــە لــە ڕۆژانــی دوای خیانەتەکــەی ١٦ی ئۆکتۆبــەر دژ بــە گەلــی کوردســتان ئەنجامیــدا، بۆچــی دەبــێ دەنگــی پێشــمەرگەی کوردســتان و پۆلیــس و ئاسایشــی کوردســتان ســاختە بــێ و دەنگەکانــی حەشــدی شــەعبی پــاك و بێگــەرد بــن لــە دیــدی پەرلەمانتارانــی ئــەو ســێ لایەنــەوە؟!.

بۆیــە ئــەو ڕاســتییە بــۆ مێــژوو تۆمــار دەکەیــن، چونکــە وەك پێشــتر باسـمان کـرد، کۆنووسـی ڕاسـپاردەکانی لیژنـەی بـاڵای ئەنجومەنـی وەزیرانی بەغـدا هیـچ ئاماژەیەکـی تێـدا نییـە سـەبارەت بـە بوونـی سـاختەکاریی لـە دەنگدانــی تایبــەت و گشــتی هەرێمــی کوردســتان، چ شــتێك لــەو چەنــد کاتژمێــرەی کۆتایــی ڕوویــدا لــە دوای ســەردانی ســەرۆکی ئــەو لایەنــە کوردییــە بــۆ لای حەیــدەر عەبــادی و چ ســەودا و مامەڵەیەکــی گومانــاوی لــە نێــوان ئــەو لایەنانــە ئەنجامــدرا، هەتــا بــە تەنیــا دەنگــی تایبەتــی پێشــمەرگەی کوردســتان پووچــەڵ بکرێتــەوە؟!.

خۆشـبەختانە؛ وەك هەمیشـە وابـووە، لـە کۆتاییـدا ئەمجـارەش دەنگـی

ڕاست و ڕەوای گەلی کوردستان سەرکەوت و لە ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم پرسە ڕاگەیاند، پێشتر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرگرییکردن لە دەنگی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایشی کوردستان و دەنگی ئاوارەکان بە گشتی و ئاوارەی کوردانی ئێزدی بە شێوەیەکی تایبەت؛ تانەی لە بڕیار و هەمواری یاساکەی ئاڕاستەی دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق کرد، وەك چۆن لایەنی دیکەش تانەیان لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە پێشکێش بە دادگای ناوبراو کردبوو.

بڕیارەکەی دادگای باڵا وەڵامێکی پڕ بە پێستی ئەو پیلانگێڕییە بوو دژ بە پێشمەرگە و تێکڕای گەلی کوردستان، لە دەقی بڕیارنامەی دادگادا هاتووە؛ ڕەفتارەکەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و بە تایبەتی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان هاودژە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەبەرئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕێوشوێنی یاسایی تایبەتی دیارییکردووە بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر پرسێك پەیوەندیی بە هەڵبژاردنەکانەوە هەبێ. پێویست بەوە ناکات ئەنجومەنی وەزیران لێژنەی باڵا بۆ لێکۆڵینەوە لە ساختەکاری و پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن پێکبهێنێ، یان ئەنجومەنی نوێنەران خۆی یاسا پێشێل بکا و هەردووکیان (وەزیران و نوێنەران) بەو ڕەفتارانەیان تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پەك بخەن!.

دادگای باڵای ئیتیحادی بە ڕوون و ئاشکرایی لە یەکەم خاڵی حوکمی

خۆیدا نووسیویەتی "یەکەم: دەقی ماددەی (٣) لە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٤٥) ساڵی ٢٠١٣ی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەقێکی نادەستوورییە و لادەبردرێ لەبەر ئەو هۆکارانەی دیارییکراون، چونکە هاودژن لەگەڵ ماددەکانی (١٤ - ٢٠ - ٣٨/یەکەم)ی دەستوور و ئەنجومەنی نوێنەران ئاگادار بکرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی پێویستە، هەروەها ئاگادارکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بەو پێکهاتانەی هەیەتی کە لە ماددەی (٣)ی یاساکەیدا هاتووە، بۆ ئەوەی ئاگاداری هۆکارەکانی حوکمدان بێ سەبارەت بە نادەستووریبوونی ماددەی (٣)ی بابەتی تانەلێدراو، بۆ ئەوەی ڕەچاوی پرسێکی لەمجۆرە بکات کاتێك بە پێی ماددە (٨)ی یاساکەی خۆی دەسەڵاتەکانی بەجێ دەگەیەنێ".

دادگای باڵا لە لە دووتوێی ئەم پرسەدا نووسیویەتی؛ ئەنجومەنی نوێنەران بەم هەمواری یاسای هەڵبژاردنە پێشێلی ئیرادەی هاووڵاتیانی دەنگدەری کردووە، لەبەرئەوەی دەستوور جەخت لەسەر ئەو پرانسیپە جێگیر و نەگۆڕانە کردۆتەوە و ناکرێ بە هیچ بڕوبیانوویێك دەستی بۆ ببردرێ، مافی یەکسان و ئازادی ڕادەربڕین بەبێ جیاوازیی بەهۆی ڕەگەز و ئەتنیك و ڕەنگ و ئایین و بیروباوەڕ و ڕەوش و پێگەی ئابووری و جڤاکی؛ بنەما و کۆڵەکەی ژیانی ئازاد و دیموکراتیانەی هاووڵاتیانن و بە دەستوور دیارییکراون، هیچ کەس و دامەزراوەیەك بۆی نییە بەفیڕۆیان بدا، چونکە بە یاسا ڕێکخراون و هەر بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاساییش پرسەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان یەکلایی دەکرێنەوە.

ئەمەیە دۆخی دیموکراسییەت لە وڵاتێکدا لوتکەی دامەزراوەکانی بەم پێشێلکارییە زەقانە هەڵدەستن کە دوو دامەزراوەی هەرە باڵان و کاریان یاسادانان و پاراستنی یاسا و بەرگرییکردنە لە مافی هاووڵاتیان؛ هەڵبەت ئەوانیش هەردوو ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی بەغدان، ئەگەر پیلان و مەرامی گڵاو نەبێ، ئەم دوو دامەزراوەیە یەك سوپا ڕاوێژکاری یاسایی و دەستوورییان هەیە کەچی بە ڕۆژی ڕووناك یاسا و دەستوور پێشێل و ئەتك دەکەن.

## دەرئەنجام:

## تیشکدانەوەیەك لەسەر پێشمەرگە و قوربانییەکانی

چەمکی "پێشمەرگە" هاوتەریبی چەمکی "کوردایەتی و مەردایەتییە"، هاوتەریبە لەگەڵ داب و نەریتەکان و کولتووری ڕەسەنی کوردی کە پراکتیزە دەکرێت چ لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا چ لە ڕێڕەوی مامەڵەکردن لەگەڵ (ئەوی تر)دا بێت. بە واتایەکی ڕوونتر، پێشمەرگە هێزێکی سەربازی ئامانجدارە، ئیلهام لە میرات و ڕەسەنایەتی کولتووری کوردستان وەردەگرێت بەتایبەتی ئەوەی مرۆیی و چاکخوازبێت و هاوڕێگای بەرژەوەندی گەل و نیشتمان بێت. لە هەمان کاتدا، پێشمەرگە ئامرازێکە بۆ پاراستنی خودی کولتوور و ڕەسەنایەتی کوردی لە هێزە ستەمکار و داگیرکارییەکان، هەروەها زێرەڤانکردنی ئاوابوون و نەمان بەهۆی دەسەڵات و دەستڕۆیی کولتووری (ئەوی تر)، لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی میراتە نەتەوەییەکە بەشێوەیەکی کردەوەیی و ئاوێتەبوون لەگەڵ وردەکارییەکانی خودی میراتەکە. بەم شێوەیەش، دەکرێت بڵێین "پێشمەرگە ئاوێنەی زات و خودە ڕاستەقینەکەی کوردانە Kurdish Self" کە لە مێژە خەبات لەپێناو سەربەخۆیی سیاسی و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی دەکات. بەهەمان شێوازیش، دەبینین چەمکی "کوردایەتی" بەرجەستەی ئەو جامە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی

شووناسـی نەتەوەیـی کوردسـتانی دەکات کـە بـەردەوام ڕەنـج و زەحمـەت دەکێشـێ لەپێنـاو کوردسـتانێکی ڕەسـەنخواز و سـەربەخۆ و خۆنەچەمـاو بەرامبـەر کولتـووری (ئـەوی تـر)، چونکـە کوردایەتـی لەلایـەك خـۆی دەنوێنێـت لـە پابەنـدی و پەیوەستی ئەخلاقـی و کولتـووری هـەر تاکێکـی کـورد بەرامبـەر تاکەکانـی دیکـەی کۆمەڵـگای کـوردی دا، لـەڕووی ئـەوەی ئـەم پابەندبوونـە هاوبەشـە بریتییـە لـە خەسـڵەت و پێوەرێکـی نەتەوایەتـی جیاکـەرەوە لـە نێـوان شووناسـی کـوردی و شووناسـەکانی دیکـە. لـە لایەکـی تـرەوە، دەبینیـن کوردایەتـی لەسـەر ئاسـتی چۆنییەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ (ئـەوی تـر) ڕەنگدەداتـەوە و بـەو شـێوازەی لەگـەڵ میراتـی کـوردەواری و نەتەوایەتـی کوردسـتان گونجاوبێـت. ئـەم واتـا گشـتگیرەش پـڕ بـە پێسـتی خـۆی لـە ڕۆژانـی هەنووکـەدا چەمکـی "پێشـمەرگە" گوزارشـتی لێـدەکات، بەتایبەتـی لـەڕووی سـەربازییەوە چـی لەگـەڵ مرۆڤـدا بێـت چـی لەگـەڵ درەخـت و گیانلەبەرکانـی ژینگـەدا بێـت.

پێشـمەرگە وەکـو ڕێکخراوێکـی سـەربازی ڕەگ و ڕیشـە نوێکانـی بـۆ کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە دەگەڕێتـەوە، بـەڵام کـە کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان (مەهابـاد) سـاڵی ١٩٤٦ باوەشـی لـەم ڕێکخسـتنە سـەربازییە کرد و خـودی ناوەکەیشـی لەژێـر ڕۆشـنایی واتـا و مانـا مێژووییەکانـی داڕێشـت، وای کـرد خـودی هێـزی پێشـمەرگە بەرگـری لـە ئازادی کـورد و سـەربەخۆیی کوردسـتان لەژێـر چنـگ و نینۆکـە خوێناوییەکانـی داگیرکـەران بەشـێوەیەکی دامەزراوەیـی بـکات. پاشـان کـە زەنگـی شۆرشـی ئەیلـوول لێیـدا لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥)، سـتراتیژی شـۆڕش و کردەوەکانـی بوونـە هـۆی

ئـەوەی ڕوحـی شۆڕشـگێریەتی بگاتـە نێـو زۆربـەی کـوردان و شووناسـی نەتەوایەتـی هاوبـەش بخولقێنێـت. ئەمـەش زۆر یارمەتیـدەری ئـەوە بـوو کـە میراتـی کولتـووری و سـەربازییەکانی "پێشـمەرگە" جارێکـی تـر زینـدوو بکاتـەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و فراوانـتر. لـەم بـوارەدا، دەبینیـن نووسـەر (مارتـن فـان برۆنسـن) دەڵێیـت: (سـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی جەمـاوەری کـوردی لـە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، بـووە هـۆی گەشەسـەندنی هۆشـیاربوونی کـورد بـە خـودی شووناسـەکەیان. ئـەم بزووتنـەوەش هـەر لـە سـەرەتاوە هەوڵـی دەدا بـۆ چاندنـی هەسـتێکی هاوبـەش کـە نەتـەوەی کـورد چارەنووسـێکی هاوبەشـی هەیـە).

سـەرباری ئـەوەش، چەمکی "پێشـمەرگە" ماناکـەی فراوانتربـووەوە، بەشـێوەیەك کـە هەمـوو ڕۆڵـە و پێکهاتەکانـی گەلـی کوردسـتان دەگرێتـەوە بەبـێ ڕەچاوکردنـی جیـاوازی ئاینـی و ئاینزایـی و ئایدیۆلـۆژی و ڕەگـەزی، چونکـە لـە بنەڕەتـدا، "پێشـمەرگە" هێزێکـی مەردایەتـی و ئەخلاقییـە بەپلـەی یەکـەم، خـۆی دەنوێنێـت لـە بەرگـری کـردن لـە (خـاك و کەرامـەت و دادپـەروەری) بـۆ هەمـوو مرۆڤێـك کـە لـە کوردسـتان بژیـت. جـا ئـەم واتایـەش خـۆی لەخۆیـدا ناوەڕۆکـی کوردایەتـی و مەردایەتـی دەگرێتـەوە. هـەر بۆیـە بازنـەی چەمکـی "پێشـمەرگە" تەنیـا ئـەو سـەرباز و زێرەڤانـە کوردسـتانیانە دەگرێتـەوە کـە ئامـادەن لەپێنـاو ئازدکردنـی گەلەکەیـان لـە زۆرداری و ڕزگارکردنـی نیشـتمانەکەیان لـە داگیـرکاری خۆیـان بسـپێرن. واتـا بازنـەی چەمکەکـە ئـەو کـوردە ناگرێتـەوە کـە دژی گەلـی خـۆی دەجەنگێ، هەروەهـا ئـەو کـوردەش ناگرێتـەوە کـە لەپێنـاو ئامانجێکی تـر کاردەکات کە

پەیوەنـدی بـە ڕزگارکردنـی کوردسـتانەوە نییـە. ئـەم واتـا هاوچەرخـەش لـە بنەڕەتـدا زۆر گونجـاوە لەگـەڵ ڕەگ و ڕیشـە مێژووییـە هـەرە ڕەسـەنەکەی پێشـمەرگە. بـۆ نموونـە (کوردۆخییـەکان) بـە سـەربازەکانیان دەوت (گارا)، ساسـانییەکانش چەمکـی (جـان سـبار)یان بەکاردەهێنـا، واتـا گیانفیـدا، بـۆ ئـەو سـەربازە کوردانـەی کـە لـە دژی حوکمڕانـی ئـەوان خەباتیـان دەکـرد.

لــە دەرئەنجامــدا، دەکرێــت بڵێیــن "پێشــمەرگە" هێزێکــی ســەربازی و ڕێکخراوەییـە، ئامانجـی بـە پلـەی یەکـەم ئەوەیـە هەرێمـی کوردسـتان و کەرامەتـی کوردسـتانییەکان بپارێزێـت. پێشـمەرگە هێزێکـی سـەربازی ئیمپریالـی و داگیرکـەر نییـە، لەبـەر ئـەوەی لـە بنچینـەدا هیـچ ئامانجێکـی نییــە بــۆ داگیرکردنــی خاکــی دەوڵەتەکانــی تــر چــی لــە ڕوانگــەی بیروبـاوەڕی سـەربازی پێشـمەرگەوە بێـت چـی لـە ڕوانگـەی کردەوەیـی بێـت. ئـەم ڕاسـتییەش زیاتـر ڕوونبـووەوە لەگـەڵ دامەزراندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـاڵی ١٩٩٢، چونکـە بـووە هۆکارێکـی سـەرەکی بـۆ پەرەپێدانـی بیروبـاوەڕی سـەربازی پێشـمەرگە، بـە شـێوازێك کـە پێشـمەرگە بـووە بەشـێك لـە پرۆسـەی بونیاتنانـی نەتـەوە و شووناسـی کوردسـتان لـە لایـەك، سـەرباری پاراسـتنی پرۆسـەی بونیاتنانـەوەی دەزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایەکـی تـر. واتـا پێشـمەرگە بـووە ئامرازێکـی بنچینەیـی بـۆ بونیاتنانـی دەوڵەتێکـی شارسـتانی و فـرە کولتـووری مۆدێـرن، کـە لەسـەر بناغـەی ماڧـی بەڕەنگاربوونـی داگیرکـەران و ماڧـی چارەنـووس و ڕزگاری بـوون لـە زوڵـم و سـتەمکاری دادەمەزرێـت.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، دەبینیـن هـەر لەگـەڵ هەڵگیرسـاندنی جەنگـی

کوردستان دژی داعش ساڵی (٢٠١٤)وە، هێزی پێشمەرگە وەکو بوونەوەرێکی سەربازی و کولتووری، خۆی گواستەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە بازنەیەکی خۆجێی (لۆکاڵ)یەوە بۆ بازنەیەکی جیهانی. واتا پێشمەرگە زۆربەی تواناکانی خۆی بەدەرخست بۆ خۆگواستنەوە لە چوارچێوەی پاراستنی تەنیا هەرێمی کوردستان بۆ چوارچێوەیەکی زۆر پانتاوتر کە بریتییە لە پاراستنی مرۆڤایەتی و نموونەی ئازادی ئایینی و فرەکولتووری جیهانی. جا ئەو قەڵخانە پڕەی لە بیرەوەری و ئەندێشە و پاڵەوانێتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و کەیسی ڕەوای بەرگری لە ئازادی کورد و کوردستان، پانتاکەی فراوانتربووەوە بۆ ئەوەی واتایەکی نوێ لەخۆ هەڵبگرێت، کە خۆی بەرجەستە دەکات لە (بەرگریکردن لە نموونەی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، کەرامەتی مرۆڤایەتی، هەروەها بەرگری لە فرەیی ئایینی و فرەیی کولتووری) لە دژی هێزەکانی تاریکی و بیری دۆزەخگیری.

ئەم چوارچێوە نوێیەش تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە لەگەڵ میراتی کولتووری و کوردەواری کوردستان و بیروباوەڕی سەربازی پێشمەرگە. لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم ململانێ هاوچەرخە هەر درێژەی ململانێی ڕۆژ و ڕۆشناییە لەدژی تاریکی، ململانێی چاکە و چاکەخوازانە لەدژی خراپە و خراپەخوازەکان، ململانێی فرەیی هزر و هاوسەنگی ئایینییە لەدژی بیری شۆفینیزم بەگشتی. ئەم ململانێیەش هەرگیز کۆتایی دێت بۆ بەرژەوەندی هێزەکانی چاکە و ڕۆشنایی و هاوسەنگی، چونکە هێزەکانی تاریکی و ڕەشباوەڕەکان لە کوردستاندا هیچ ئایندەیەکیان نییە، ڕەوشیان هەر وەکو ڕەوشی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی پێشتر وایە کە کوردستانیان

داگیرکردبـوو، تەنیـا لەپێنـاو بەرجەسـتەکردنی بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان. هەمـوو ئـەم دەوڵەتانـەش بـەرەو نەمـان چـوون و لەتلـەت بـوون بـۆ دەیـان دەوڵـەت. جـا سـەرەڕای ئـەوەی کوردسـتان بـە داگیرکـراوی مایـەوە، بـەڵام ئاگـر و مەشـخەڵی ڕووناکـی و سـەربەخۆیی بـە هەڵگیرسـاوەیی لـە ئەندێشـە و سـینەی کوردانـدا هەردەمێنێتـەوە، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان و هێزەکانـی پێشـمەرگە درێـژە بـە خەبـات و کاروانـی شـەهیدان بـدەن و لەسـەر ڕێبـازی مەردایەتـی بەردەوامـبن.

ئـەم بەردەوامیـە مێژووییـە بـە ڕەگەزێکـی بنچینەیـی لـە بیـری سیاسـی نەتەوەیـی کـوردی هەژماردەکرێـت، بـەڵام تێبینـی ئـەوە دەکرێـت و بەدەگمـەن دەبیـنرێ لـە نووسـینەکانی نووسـەرە ڕۆژئاواییـەکان یانـش لـە هزریانـدا ڕوون نییـە، بەتایبەتـی کاتـێ جەخـت دەکـەن لەسـەر ڕاڤەکردنـی ناوەڕۆکـی "پێشـمەرگە" وەکـو دیاردەیەکـی سـەربازی و سرووشـتی چالاکییـە سـەربازییەکانیان، یـان شـیکردنەوەی چۆنییەتـی بەردەوامیـان لـە خۆنەچەمانـدن بەرامبـەر دوژمـن و داگیرکـەران بەگشـتی و هێزەکانـی ئەلقاعیـدە و داعشـی تیرۆریسـت بەتایبەتـی. بۆیـە دەکرێـت بـە ئاشـکرایی بڵێـن کـە شـەهیدە قارەمانەکانـی پێشـمەرگە و خەباتـی هەڤاڵەکانیـان و هەمـوو جەنگاوەرییەکانیـان بەتایبەتـی لـە جەنگـی کوردسـتان دژی داعـش و هێـزە تاریکخـوازەکان بریتییـە لـە درێژەدانێکـی پتـەو بـە کاروانێکـی درێـژ و نەپچـڕاوی کوردایەتـی لەپێنـاو بونیاتنانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ و دیموکـرات و فـرە کولتـووری، تێیـدا هەمـوو مافەکانـی مـرۆڤ و کەرامەتـی مرۆڤایەتـی و تایبەتمەندییـە کولتـووری و ئایینییـەکان پارێزراوبێـت.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بەدیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA

پێشمەرگە (Pêşmerge) وشەیەکی کوردییە و بەوانە دەگوترێت " کە لە پێناو پاراستنی نیشتیمان مەرگی خۆیان پێش هەموو شتێک خستووە". ناوی پێشمەرگە بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٤٦ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوێک بۆ هێزی چەکداری کوردیی لیژنەیەک دانرا، ئەم لیژنەیە لە دانیشتنێکی تایبەتدا، گەلێک ناویان تاوتوێ کرد، بەڵام لەناکاو خزمەتگوزارێک کە بەردەستی دەکرد گوتی: ئاغایان دەبینم ئێوە کاژێرێکی تەواو خەریکن ناوێکی شیاو بدۆزنەوە، لە کاتێکدا ئێمە ناوی پێشمەرگەمان هەیە و لەمێژە بەکاربراوە. لیژنەکە ناوەکەیان بە شادومانییەوە وەرگرت و ناوی پێشمەرگەیان پێشکەشی پێشەوای مەزن کرد، ئەویش زۆر لای پەسەند بوو و ناوی پێشمەرگە بە فەرمیی ناسرا.

Partipedia.org

P.D.K ENCYCLOPEDIA

لە بڵاوکراوەکانی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٤